# الدبلوماسية الرقمية وتأثيرها على السياسة الخارجية (دراسة نظرية)


**م.م.ريبين عبدالرحمن فتاح**

rebin.qader@chu.edu.iq

**قسم إدارة النفط والغاز والطاقة، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة جرمو، جمجمال، إقليم كردستان، العراق**

**م.م.جزا أحمد فارس**

jaza.fars@univsul.edu.iq

**قسم العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان، العراق**



**الكلمات المفتاحية:** الدبلوماسية، دبلوماسية الأرقام، السياسة الخارجية , السياسية , الرقمية

**كيفية اقتباس البحث**

فتاح , ريبين عبدالرحمن , جزا أحمد فارس , الدبلوماسية الرقمية وتأثيرها على السياسة الخارجية (دراسة نظرية),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥



**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**



**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# Digital diplomacy and its impact on foreign policy (A theoretical study)

[(1)] Rebin Abdalrahman Fatah - [(2)] Jaza Ahmed fars
jaza.fars@univsul.edu.iq - rebin.qader@chu.edu.iq
[1] Department of Oil, Gas and Energy Management, College of Management and Economics, University of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq,
[2] Department of political science , college of political sciences University of Sulaimani, sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq,

**Keywords** : Diplomacy, numbers diplomacy, foreign policy, politics, digital

**How To Cite This Article**
Fattah , Rebin Abdulrahman , Jaza Ahmed Fares , Digital diplomacy and its impact on foreign policy (A theoretical study( ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract :
Diplomacy is crucial in bridging differing viewpoints and interests, and in preventing conflicts between peoples with divergent interests, whether ideological, economic, political, social, cultural, religious, or ethnicity. Differences exist in the world and cannot be eliminated, as conflicting interests between states often clash, potentially leading to conflict. Sometimes, however, diplomacy can resolve these conflicts.
Digital(electronic)diplomacy has significant impact on the field and scope of foreign policy. States, particularly powerful and technologically advanced ones, are the primary actors in cyberspace. They leverage these technological advancements to serve their interests and foreign policy objectives. Therefore, the internet, networks, social media, and all related

platforms are harnessed to serve these states and their foreign policies. Consequently, technological progress has become prominent in diplomacy, enabling messages to reach audiences more quickly. This study relies on more than several methods, due to the different subjects, the methods are :
The most important of these is the historical method, from diplomacy and classical diplomacy to new, digital and electronic diplomacy. System analysis method was also used to analyze and present the fields and methods of data and information and to evaluate and analyze many of the topics of this research, we have resorted to this method, for more Familiarity with the topics. Comparative methods, especially in terms of the availability of information and data in social networks between different years, such as a comparison between users between previous and current years.

ملخص:

تُعدّ الدبلوماسية بالغة الأهمية في التقريب بين وجهات النظر والمصالح المختلفة، ومنع النزاعات بين الشعوب ذات المصالح المتباينة، سواء كانت أيديولوجية أو اقتصادية أو سياسية أو اجتماعية أو ثقافية أو دينية أو عرقية. فالاختلافات موجودة في العالم، ولا يمكن القضاء عليها، لأن المصالح المتضاربة بين الدول غالباً ما تتعارض، ما قد يؤدي في النهاية إلى نشوب صراع. وفي بعض الأحيان، تستطيع الدبلوماسية وضع حدٍّ لهذه الصراعات.

للدبلوماسية الرقمية تأثير كبير على مجال السياسة الخارجية ونطاقها، إذ تُعدّ الدول، ولا سيما الدول القوية والمتقدمة تقنياً، هي الفاعل الرئيسي في الفضاء الإلكتروني. وتستغل الدول هذه التطورات التكنولوجية لخدمة مصالحها وأهدافها الخارجية في السياسة الدولية. ولذلك، تُسخّر الإنترنت والشبكات ومواقع التواصل الاجتماعي، وكل ما يتصل بها، لخدمة هذه الدول وسياساتها الخارجية. ومن ثم، فقد بات للتقدم التكنولوجي مكانة بارزة في مجال الدبلوماسية، إذ تصل الرسائل عبره إلى الجماهير بسرعة أكبر. تعتمد هذه الدراسة على أكثر من منهجية، نظرًا لتنوع المواضيع، وهي: أهمها المنهج التاريخي، بدءًا من الدبلوماسية التقليدية وصولًا إلى الدبلوماسية الرقمية والإلكترونية الحديثة. كما استُخدم منهج تحليل النظم لتحليل وعرض مجالات وأساليب البيانات والمعلومات، ولتقييم وتحليل العديد من مواضيع هذا البحث، وقد لجأنا إلى هذا المنهج لخبرتنا الواسعة في هذه المواضيع. أما المنهج المقارن، فيُستخدم تحديدًا فيما يتعلق بتوافر المعلومات والبيانات في الشبكات الاجتماعية بين مختلف السنوات، مثل مقارنة المستخدمين بين السنوات السابقة والحالية.

# دیبلۆماسیەتی ژمارەیی(ئەلیکترۆنی) و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوە (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی)

رێبین عبدلرحمان فتاح قادر[1] - جزا احمد فارس[2]

rebin.qader@chu.edu.iq _ jaza.fars@univsul.edu.iq

١ بەشی کارگێڕی نەوت و گاز و وزە، کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

٢ بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە باس:**

دیبلۆماسیەت گرنگیەکی تەواوی هەیە لەلێکنزیکردنەوەی دیدوبۆچوون وبەرژەوەندنیە جیاوازەکان و رێگر دەبێت لەوەی کە پێکدادان روودبدات لەنێوان خاوەنی بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا، ئیدی بەجیاوازی ئایدۆلۆژیا وبەرژەوەندنی جیاوازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵاتی و کلتووری و جیاوازییە مەزهەبیەو دینی ورەگەزیەکانەوە بێت، هەرچەندە چەندین ناکۆکی وشەڕو ململانێی خوێناوی لەسەر ئەم جیاوازیانە لەجیهاندا روویان داوە، ناشتواندرێت بن بڕبکرێت، لەبەرئەوەی هەمیشە بەرژەوەندییە جیاوازەکان لەنێوان وڵاتان خۆیاندا بەئاراستەی هێڵی ڕووبەڕوودا دەڕوات، لەکۆتا خاڵیدا دەگاتە ئاستی پێکدادان، هەندێک جار دیبلۆماسیەت دەتوانێت ئاستێک بۆ ململانێیەکان دابنێت.

دیبلۆماسیەتی ژمارەی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بوار ومەودای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، چونکە لەئێستا لەمەیدانی فەزای ئەلیکترۆنیدا، دەوڵەتان خۆیان کارەکتەری سەرەکین، بەتایبەت وڵاتە بەهێز وپێشکەوتووەکان لەبواری تەکنەلۆژیادا. وئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاییەش وڵاتان دەیکەنە خزمەت بەرژەوەندی وئامانجەکانی دەرەوەی خۆیان لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا. بۆیە ئەنتەرنێت وتۆڕ وپێگە کۆمەڵاتییەکان وتەوای بوارەکانی پەیوەست بەو بوارە دەخەنە خزمەت خۆیان وسیاسەتی دەرەوەی خۆیان، لەبەرئەوە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، لەبواری دیبلۆماسیشدا توانیویانە ببنە خاوەن پێگە، چونکە لێرەوە پەیامەکان زووتر دەگەن بەجەماوەر وکاریگەری خۆشیان لەسەر جێدەهێڵن.

**وشە سەرەکییەکان: دیبلۆماسیەت، دیبلۆماسیەتی ژمارەی، سیاسەتی دەرەوە.**

## پێشەکی

سەرارەی ئەوەی کە دیبلۆماسیەت مێژوویەکی کۆنی هەیە لەبەکارهێنان و پشت پێ بەستن لەلایەن دەوڵەتانەوە، بەتایبەت ڕێگەی کلاسیکی لەڕێوشوێنەکانی دیبلۆماسیەت،واتا ئەو کارلێك کردنانەی لەنێوان نوێنەرانی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان ئەنجامدراوە، بەڵام لەدونیای ئەمڕۆی پێکەوەبەستراودا، بەتەنها دەوڵەتان نا، بەڵکو هەریەکە لە تاکەکان ورێکخراوەکان وکەسانی یەکەمی دیبلۆماسیەت، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێن لەکاروبارە نێودەوڵەتیەکاندا .

ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتن ودروستبوونی جۆرێکی تر لەدیبلۆماسیەت، ئەویش بریتیە لەدیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان (ئەلیکترۆنی) بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەسەردەمی نوێدا، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە، شیکردنەوەی کەمی بۆ کراوە لەبواری دیبلۆماسیەتی گشتیدا، لەبەرئەوەی بوارەکەی نوێیە، بەڵام ئەوەش گرنگە کە بزاندرێت ئەم

جۆرەی دیبلۆماسیەت چۆن کاردەکات، وپێگە وتۆرە کۆمەڵایەتیەکان چۆن بەکاردەهێندرێت لەلایەن کەسانی دیبلۆماسیەوە بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، ودەوڵەتان چۆن ئەم جۆرەی دیبلۆماسیەت بەکاردەخەن بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەیان، لەئاستی ژینگەی نێودەوڵەتیدا .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەمیشە دیبلۆماسیەت، وەکو ئامرازێك رۆڵی هەبووە لەوەی کەببێتە هۆی کەمبوونەوەی شەڕ وئاشوب و ماڵ وێرانی لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەویش دیبلۆماسیەتە، واتا هونەری گفتوگۆ ودانوسان بۆ گەیشتن بەرێکەوتن، چونکەی ئەوەی کەدەوڵەت دەیەوێت دەکرێت لەرێگەی وتووێژو دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆش دەکرێت بەدەست بهێندرێت، ئیدی پێویست بە بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی ناکات، چونکە ئاشتی وهاریکاری لەنێوان مرۆڤەکاندا، زۆر بەسوودە بۆ خۆپاراستن ومانەوە و سوودەکەشی لەوە زیاترە کە لەتوندوتیژی وململانێی گشتییەوە دەستگیری دەبێت. لەگەڵ ئەوەی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە دیبلۆماسیەت نایتوانیوە رێگە لەدروستبوونی شەڕە گەورەکان و جەنگە ماڵوێرانکارەکان بگرێت، بەتایبەت لەسەدەی بیستەمدا .

بەڵام لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەویەکدا، جۆرێکی تر لەدیبلۆماسیەت درووستبووە کە پەیوەستە بەئەنتەرنێت وئەلیکترۆنیەوە، ئەویش دیبلۆماسیەتی ژمارەییە یان(ئەلیکترۆنیە)، کەبریتیە لەو جۆرە دیبلۆماسیە کە ئەنترنێت و بوارە ئەلیکترۆنیەکان دەخاتە خزمەت بەرژەوەندییە کانی نیشتمان و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت، و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ نەبەستی خزمەتی نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، واتا چۆن کەسانی یەکەم دیبلۆماسیەت لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن بۆ خزمەت ئامانجە باڵاکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵات، بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێت .

گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەدەوڵەتان وکەسانی یەکەمی دیبلۆماسیەت ، دیبلۆماسیەتی ژمارەیی بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی راستەخۆ گوزارشت لەبەرژەوەندیەکانی دەوڵەت بکەن لەژینگەی دەرەوەدا، ودیبلۆماسیەتی ژمارەیەی لە سەردەمی نوێدا دەتوانێت رۆڵی هەبێت وەکو ئامرازی بەکارهێنان لەلایەن سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە باڵاکانی دەوڵەت، ودەوڵەتان پەنا بۆ ئەم رێگایە دەبەن سەرەڕای هەبوونی دیبلۆماسیەتی گشتی و کلاستیکی .

ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی گرنگی رێگای دیبلۆماسیەتی ژمارەییە، کەجۆرێکی نوێی دیبلۆماسیەتە، وچۆن ئەم دیبلۆماسیەتە بەکاردێت لەخزمەت بەرژەوەندییە باڵاکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت، ودەوڵەتان بواری تەکنەلۆژیایی نوێ و بەتایبەت تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وەکو تویتر و فەیسبووك بەکاردەهێنن بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت لەژینگەی دەرەوەدا .

گرفتی توێژینەوەکە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کێشە وئاریشەی سەرەکی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کەئایا دیبلۆماسی ژمارەیی کاریگەری چیە لەسەر سیاسیەتی دەرەوە؟ وبەتایبەتی کاریگەرییە ئەرێنی ونەرێنییەکانی؟ .

هەروەها لەچوارچێوەی توێژینەوەکەدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەنەشدا دەگەڕێن، یان ئاریشە گەورەکە چەند پرسیارێکی تری لێ ئەبێتەوە کە هەوڵی وەڵامدانەوەیان ئەدەین لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا. کەخۆیان دەبیننەوە لەهەریەکە لەوەی، دیبلۆماسیەتی ژمارەی چیە؟ وئامارازەکانی چین؟ ورۆڵ وکاریگەری ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە لەسەر سیاسەتی دەرەوە چیە؟ ورۆڵ وکاریگەری تەکنەلۆژیا وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چیە؟. چۆن وبەچ شێوەیەك دەوڵەتان ئەم هەڵدەستن بە بەکارهێنانی ئەمجۆرەی دیبلۆماسیەت، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو تویتر وفەسیبووك بۆ راکێشانی جەماوەر وەکو پاڵپشتیەك بۆ سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەپێناوی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەدا؟ .

### گریمانەی توێژینەوە

دیبلۆماسیەتی ژمارەیی لەئێستا بۆتە ئامرازێك بەدەست وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان تا بتوانن کاری پێ بکەن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی وڵات، واتا ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، لەئێستا بەشێکی زۆری وڵاتان پشت بەمجۆرەی دیبلۆماسیەت دەبەستن، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنی بوارە تەکنەلۆژیا و ئامازەکانی تەکنەلۆژیاییەوە .

### میتۆدەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بەزیاتر لە چەند میتۆدێك، ئەمەش بەهۆی جیاوازی بابەتەکانیەوە، میتۆدەکانیش بریتیین لە:

گرنگترینیان بریتیە لە میتۆدی مێژوویی، لەباس کردنی دیبلۆماسیەت و دیبلۆماسیەتی کلاستیکی بۆ دیبلۆماسیەتی نوێ و ژمارەیی و ئەلیکترۆنی. هەروەها میتۆدی شیکردنەوەی سیستەم بەکارهاتووە، لەشیکردنەوە وخستنەڕووی بوار وشێوازەکانی داتا و زانیارییەکان و بۆ هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی زۆرێك لە بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە پەنامان بردووەتە بەر ئەم میتۆدە، بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەگەڵ بابەتەکان . ومیتۆدی بەراوردکاری بەتایبەت لەرووی خستنەبەردەستی زانیاری وداتاکان لەپێگە وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا لەنێوان ساڵە جیاوازەکاندا وەکو بەراورد کردنێکی نێوان بەکارهێنەران لەنێوان ساڵانی پێشووتر و ئێستادا.

### سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە لە رووی کات و شوێنەوە، جۆرێك لە جیاواز بوون و نوێ بوون لەخۆ دەگرێت، چونکە:

- لەرووی شوێنەوە: بەحکومی نوێ بوونی بابەتی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یەوە(ئەلیکترۆنیەوە)، ئەم توێژینەوەیەکە سنورێکی دیاری کراوی و بەرجەستەکراوی نیە، چونکە باس لەکاریگەری ئەم جۆرە دیبلۆماسیاتە دەکات لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان بەتایبەت دوای پەیدابوونی دیبلۆماسیەتی ژمارەییە و ئەو کاریگەرییە گەورەییەی کە هەیەتی لەکاییەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا .

- لەرووی کاتەوە: سنووری ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی کاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی لەرووی ساتەوە بەتایبەتی لە دەییەی یەکەم و دووەمی سەدەی بیست و یەکدا، چونکە کاریگەرییەکانی لەم دوو دەییەدا، بەتایبەت دەییەی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا زیاتر و زیاتر بووە .

**خوێندنەوەکانی پێشوو(دراسات سابقه)**

دیبلۆماسیەتی ژمرەیی یان ئەلیکترۆنی لەگەڵ ئەوەی کە بوارێکی نوێیە لەکایەی دیبلۆماسیەتی گشتیکدا و بواری پەیوەنییە نێودەوڵەتیەکانیشدا بۆیە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە زۆر کەمە، بەتایبەتی بەزمانی کوردی و عەرەبی، بۆیە لێکۆڵینەوەکان زۆرتر بە زمانی بیانین، بەڵام ئەمە بەواتا ئەوە نیە کە لێکۆڵینەوە نەبێت لەسەر بابەتەکە. پەڕەی لێکۆڵینەوەیی ئەنجامدراو لەلایەن:

- (الاء الحماصنة)، بەناونیشانی:" :"الدبلوماسية الرقمية وتأثيرها على السياسة الخارجية الغلاقات الأمريكية الايرانية نموذجاً "، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا جەختی کردۆتە سەر ناساندنی دیبلۆماسیەتی ژمارەی یان ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵی، و چۆن ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە بەکاردێت و ئامرازەکانی چین، و چ کاریگەرییەك دروست دەکات کاتێك کە بەکاردەبرێت .
- هەروەها توێژینەوەی(Olubukola S. Adesina) ، بەناونیشانی "Foreign Policy in an era of digital diblomacy"، ئەم توێژینەوەیەش جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە دیجیتاڵ دیبلۆماسی چۆن دەتوانن ببێتە ئامرازێك لەمەیدانی سیاسەتی دەرەوەدا بۆ بەیهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت .
- هەروەها کتێبی، نوسەر(Andreas Sandre) ، بەناونیشانی "Digital Diplomacy Conversations on Lnnovation in Foreign Policy"، واتا چۆن دەکرێت کە گفتوگۆ وهاوکاری بکرێتە ڕێگەیەکی سەرەکی لەم جۆرە دیبلۆماسیەتە لەسەرئاستی سیاسەتی دەرەوەدا لەنێوان دەوڵەتاندا، واتا بەرێگەی هاریکارکردنی یەکتری بەرژەوەندی هەمووان پارێزراو بێت .
- هەروەها توێژینەوەی(Brian Hocking and Jan Melissen) ، بەناونیشانی "Diplomacy in the Digital Age"، لەم توێژینەوەی کە دیبلۆماسیەت لەسەردەمی ژمارەییدا، هەردوو نوسەر جەختیان لەسەر ئەوەیە کە دیبلۆماسیەتی ژمارەیی بە بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان رۆڵ دەبینێت لەسەر جەماوە و بڵاوکردنەوەی بەها باڵاکانی دەوڵەت .

**پەیکەری توێژینەوە**

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی چەمکی دیبلۆماسیەت ودیبلۆماسیەتی ژمارەیی، کە لەسێ باس پێکدێت:باسی یەکەم: واتایی دیبلۆماسی ورەگەزەکانی دیبلۆماسیەت. وباسی دووەم: جۆرەکانی دیبلۆماسی ودیبلۆماسیەت لەسەردەمی نوێدا. وباسی سێیەم: دیبلۆماسیەتی ژمارەیی ئامراز و ئامانجەکانی. وبەشی دووەم: دیبلۆماسیەتی ژمارەی وکاریگەرییەکانی لەسەر سیاسیەتی دەرەوە ، لەدوو باس پێکدێت:باسی یەکەم: دیبلۆماسیەت وسیاسیەتی دەرەوە . وباسی دووەم: کاریگەرییەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی لەسەر سیاسیەتی دەرەوە. وئەنجامگیری وسەرچاوەکان.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی چەمکی دیبلۆماسیەت**





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دیبلۆماسیەت بەتێپەڕبوونی قۆناغەكانی مێژوو گەشەسەندێنكی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە بەجۆرێك لەئێستادا ئامرازی سەرەكی جێبەجێكردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانە. شارستانیەتە كۆنەكانی یونان ورۆمان وئیسلام سەرچاوەی سەرەكی سەرهەڵدانی دیبلۆماسیەت دائەندرێن، هەریەكەیان خاڵی سەرەكی وجیاكەرەوەیان هەیە كە جیاوازن لەوانی تر، هەروەها لەدواتردا گواستنەوەی بۆ وڵاتانی تر ئەمەش بەتایبەت دوای دروستبوونی دەوڵەت نەتەوە. دیبلۆماسیەت هەمیشە بۆ ئاشتی نەبووە، بەڵكو بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندنی وڵاتان ودوورخستنەوەی ئەگەرەكانی جەنگیش بەكارهاتووە.

**باسی یەكەم: واتای دیبلۆماسی و رەگەزەكانی دیبلۆماسیەت**

دبلۆماسیەت بوارێكی زۆر فراوان وگشتیە، لەبەرئەوەی كەدبلۆماسیەت، بوارێكی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە، ئەمەش پەیوەستە بە بەرژەوەندی دەوڵەتەوە، كە دەیەوێت چ شتێك بەدەستبخات وچی بەدەستبهێنێت لەسەر ئاستی دەرەوەدا.

**تەوەری یەكەم: واتا و پێناسەی دیبلۆماسیەت.**

ئاشكرایەكە دبلۆماسیەت هونەری گفتوگۆ وچارەسەركردنی كێشەكان وقەیرانەكانە بەبێ گەڕانەوە بۆ لایەنی سەربازی وهەوڵدان بۆ بەكارهێنانی زمانی لە یەككەشتن و چارەسەری ئاشتیانەی كێشەكان. هەرچەندە بۆ چوونی جیاواز هەیە لەسەر بنەڕەتی ووشەی دبلۆماسی، بەڵام بە هێزترین بۆچوون ئەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی) دبلۆماسی لەووشەیەكی وێنانی وەرگیراوە لە (diploma) واتە بڕوانامە(گەلاڵی:٢٠٠٤، ١٥) .(ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی دوو بۆچوون، كە لەبۆچوونی یەكەمدا: ئاماژەیە بۆ ئەو نوسراوانەی كە دەدرێتە دەست كەسی دبلۆمات لەكاتی چوونی بۆ ووڵاتێكی تر، پێشوازی كردنی وەك سەفیر، كە تەواوی زانیاریەكانی تێدا ئەمەش وەك بڕوانامە سەیر دەكرێت. لە بۆچوونی دووەمدا: ئەكرێت بڕوانامە بەواتای سەركەوتنی كەسی دبلۆمات لە كارەكەیدا دابنرێت، واتە كاتێك دبلۆمات لە جێبەجێ كردنی كارەكەیدا و بە هێز كردنی پەیوەندیەكانی دوو وڵاتەكە وەك بڕوانامە دابنرێت.

هەرچەندە ئەم ووشەیە(diploma)لەسەردەمی یۆنانی كۆن بەو بڕوانامە ڕەسمیانە وتراوە كە لەلایەن سەركردە سیاسیەكانی شارەكان بەكەسەكانیان دراوە، لەكاتی بەخشینی ئیمتیازاتێكی تایبەت؛ بەڵام لەلای ڕۆمانیەكان بەواتای بڕوانامەی( المعدنية،المختومة،المطوية،بالدبلوما)هاتووە(صابرینی:٢٠٠٩، ١١)، لەزمانی عەرەبیشدا بەرامبەر ووشەی(مفاوضات) بەكارهاتووە كەبەواتای گفتوگۆ ولە یەككەشتن دێت. ئەم ووشەیە بەدرێژای كات گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا لەسەردەمێكی دواتر ئاماژە بوو بۆ ئەو نوسراوانەی كە لەئەنجامی ڕێكەوتن وپەیماننامەكان دەرئەچوو، ئەمەش بەپێشكەوتنی كات گۆڕا بۆ ئەو براوانامەیەی كەسەفیر لەكاتی ئەركی دبلۆماسی بەكاریان ئەهێنا ولێرەوە دبلۆماسیەت سەری هەڵدا.

پێناسەی برادییە فودیریە بۆكاری دبلۆماسی بەم شێوەیە: دبلۆماسی هونەری نوێنەرایەتی كردنی حوكمەت و بەرژەوەندیەكانی وڵاتە لە لای حوكمەتەكانی ترو دەوڵەتانی بیانی كاریگەر بووە وبیرۆكەی بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەت وچاودێریكردنی گفتوگۆی سیاسی وپەیوەندی دەرەكی وسەرپەرشتیكردنی بەرژەوەندی نیشتمان وگەلەكەیەتی وحكومەتەكەی لەپەیوەندیەكی

ئاڵوگۆڕ کراودا له بارودۆخی ئاشتی وجەنگ، هەبوونی ئامرازەکانی جێبەجێ کردنی یاسای نێودەوڵەتی(صبارینی:٢٠٠٩،ص١١). ارنست ساتۆ: دبلۆماسی بەکارهێنانی زیرەکی ولەبەڕێوەبردنی پەیوەندیە ڕەسمیەکانی لەنێوان حوکمەت ودەوڵەتە سەربەخۆکان (الشامي:٢٠٠٧،ص٣٥).

لێرەدا ارنست ساتۆ جەخت لەسەر توانای کەسی وزیرەکی لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکان، وئاماژەدان بەوەی کەپێویستە ئەو لایەنانەی دبلۆماسی دەکەن وسەربەخۆن و کیانێکی ڕاگەیاندراو بن. وپێناسەی هارولْد نیکلسون: زانای بەریتانی بەهەمان شێوەی پێناسەی قاموسی ئوکسفۆرد باس لەدبلۆماسیەت دەکات: بریتیە لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی دەوڵەت لەڕێگەی گفتوگۆوە، یان ڕێگای چارەسەرکردن وبەڕێوەبردنی ئەو پەیوەندیانەیە لەڕێگەی سەفارەت ونێراوەکانەوە(صبارینی:٢٠٠٩،ص١١).

زانای گەورەی عەرەبیش د. عدنان البكرى: پێناسەی دبلۆماسیەتی بەم شێوەیە کردووە: بریتیە لەپرۆسەیەکی سیاسی کە وولاتان دەیگرنەبەر بەمەبەستی جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی دەرەوەیان لەگەڵ ئەندامان وکەسایەتی یە نێودەوڵەتیەکانی تر لەچوارچێوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، بۆیە (دبلۆماسیەت کردارێکی سیاسیە کە ئامانجی تەنها بە دیهێنانی پەیوەندی ئاشتیانەی دەوڵەتەکان نیە، بەڵکو دوورخستنەوەی ئەگەری جەنگ و مەترسیەکانیشیەتی)، (الشامي:٢٠٠٧،ص٢٠). هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد دا بەم شێوەیە پێناسەی دیبلۆماسیەت کراوە(بریتییە لە پرۆسەی بەڕێوە بردن وڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگای دانوستانەوە،کەئەمەش ڕێگایەکی ئاشتییانەیە وپەیوەندییەکان ڕێك دەخات لەڕێگای باڵوێز ونێردراوە دیبلۆماسیەکانەوە)،(مصباح:١٩٩٩،ص٢٣). وبطرس بطرس غالی ومحمد خیری عیسا پێناسەی دەکەن بەوەی(بریتییە لە پرۆسەی نوێنەرایەتی کردن ودانوستان کە لەنێوان دەوڵەتاندا ڕوو دەدات لەسەر ئاستی ئیدارەدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان(حسین:٢٩٩٨،ص٩٨). وئارنس ساتۆ(دیبلۆماسیەت بریتییە لە بەکارهێنانی ژیری و بلیمەتی لە بەڕیوە بردنی پەیوەندییە ڕەسمییەکانی نێوان حکومەتەکانی دەوڵەتە سەربەخۆکان و هەندێك جاریش پەیوەندی نێوان حکومەت و ئەو وولاتانەش دەگرێتەوە کەهێشتا سەربەخۆییان بەدەست نەهیناوە)(زەینەڵ:٢٠٠٨،ل٩٩). کێبڕکێ سیاسییەکان لەنێوان وڵاتاندا پێویستیان بە دیبلۆماسیەت دەبێت بۆ چارەسەر کردن، وەکو بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات(العطية:٢٠١٢،ص٥٧٨).

دەکرێت لە ژێر ڕۆشنای ئەم پێناسانەی سەرەوەو کۆکردنەوەی کۆی ڕەگەزو بنەماکانی دبلۆماسی هەوڵ بۆ نووسینی پێناسەیەکی گشتی بدرێت کە بریتیەلە( دبلۆماسیەت هونەری زیرەکی و لێهاتووی کەسی دبلۆماتکارە لەکاتی نوێنەرایەتی دەوڵەتەکەی لەلای دەوڵەتانی تر لە ڕێگەی گفتوگۆولێکگەشتن بەمەبەستی بەهیزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکان و لەبەرچاوگرتنی و لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی و نیشتمانیەکانی لەکاتی ئاشتی و جەنگدا بە ڕێگەی ئاشتیانە).

**تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی دیبلۆماسیەت.**

دبلۆماسیەت کۆمەڵێك ڕەگەزی جۆراو جۆری هەیە، وتێڕوانین ولێکدانەوەی جیاوازیش هەیە بۆ ڕەگەزەکانی دیبلۆماسیەت، چونکە تەواوی زانستە مرۆڤەیەتیەکان لەبەرئەوەی پەیوەست بەمرۆڤ و کاری مرۆڤایەتیەوە، بۆیە دیدوبۆچۆنی جیاجیای لەسەرە، ئەوەش وایکردووە کە شیکردنەوەکانیش جیاواز بن.

گرنگترین ڕەگەزەکانی دبلۆماسی لەلای برادییە فودیریە بەم شێوەیە دیاری دەکات:(صبارینی:٢٠٠٩،ص١٣).

١. هونەر ،(الفن): بەوپێیەی هونەری نوێنەرایەتی کردنی دەوڵەتە لەلای دەوڵەتانی تر.

٢. لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکان ( المصالح).

٣. بیرۆکەی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت ( الادارة).

٤. پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو ( العلاقة متبادلة).

٥. گفتوگۆ( المفاوضات).

٦. چاودێری کردن( المطابعة).

بەم پێیەش کاری دبلۆماسی زیاتر لە بوارێك و ئەرکێك دەگرێتەوە کە بەجەخت خستنەسەر ڕەگەزەکانی و ئەگەری بەرەو پێش چوونی ئەبێتە هۆی زیاد بوونی ئەرك و ڕەگەزەکانی. گرنگترین ڕەگەزەکانی بەم شێوەیەش دیاری بکرێت:(الشامي:٢٠٠٧،ص٢٠).

١. کارێکی سیاسیە: واتە بەس بواری سیاسەت ئەگرێتەوە.

٢. دەوڵەت : واتە یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆو خاوەن ئاڵاو ڕاگەیاندراو ئەتوانێت بیکات.

٣. سیاسەتی دەرەوە

٤. ڕێکخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەوڵەت و کەسایەتیە نێودەوڵەتیەکانی تر. وهەروەها دیبلۆماسیەت، "دەکرێت هاریکاری نێودەوڵەتی لەرێگەی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانەوە ئاسانتر بکات لەنێوان دەوڵەتاندا، چونکە دامەزراوەکان دەتوانن یارمەتی دەر بن لەچارەسەرکردنی زۆر کێشە لەنێوان دەوڵەتاندا"(الیاس وستش:٢٠١٦،ص١٣٦).

**باسی دووەم: جۆرەکانی دیبلۆماسی و دیبلۆماسیەت لەسەردەمی نوێدا**

گرنگی بواری دیبلۆماسی و ئەو ڕۆڵەی هەیەتی لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەبینین لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە و ئەو ڕووداوە گرنگەنەی کە لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا ڕوویان داوە، دیبلۆماسی و بواری گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن و گەیشتن بەرێکەوتن لەنێوان وڵاتانەدا و توانای هێنانەدی بەرژەوەندییەکان بەم بوارە هەتا سەر نەبووە بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە دیبلۆماسی هێزی کاریگەری هەبووە لەپەیوەنییەکاندا بەڵام نەیتوانیوە کە ڕێگە لەشەر بگرێت، باشترین بەڵگەش ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم ودووەمە.

**تەوەری یەکەم: جۆرەکانی دیبلۆماسیەت.**

دیبلۆماسیەت بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی دابەش دەکرێت بۆ چەند جۆرێك لەوانە: (الشامي:٢٠٠٧،ص٥٦-٥٧).

**یەکەم: دبلۆماسیەتی نهێنی**: ئەم جۆرە لەسەرەتای کاری دبلۆماسی پەیرەوکراوە، چونکە لەسەردەمە کۆنەکاندا تەنها سەرکردەی سیاسی و پاشا و ئیمپراتۆریەتەکان کاری دەوڵەتیان

بەڕێوەبردووەو کارەکان بەشێوەی نهێنی بەڕێوەبراوە، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی دبلۆماسیەت.

دووەم: دبلۆماسیەتی ئاشکرا: لەگەڵ پێشکەوتنی کاروبارە سیاسیەکان و زیاد بوونی بەریەککەوتنی گەل و نەتەوەکان، زیاتر بوونی پێداویستیەکان، زیاتر بوونی بەشداری خەڵك لە بوارە سیاسی و بەڕێوەبردنی کاری دەوڵەت دبلۆماسیەت لە قۆناغێکی نهێنیەوە گواسترایەوە بۆ ئاشکراو هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێش چوونی.

**دبلۆماسیەت لەڕووی ئەو لایەنانەی کە بەشداری تێدا دەکەن:**

یەکەم: دیبلۆماسیەتی دوولایەنە: لەسەرەتادا کاری دبلۆماسی تەنها لەنێوان دوویەکەی سیاسی بەڕێوەچوەو گفتوگۆ وچارەسەرکردنی کێشەکان تەنها ئەو دوولایەنەدا بووە.

دووەم: دیبلۆماسیەتی گشتی: بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی قۆناغەکانی ژیان و دروستبوونی ڕێکخراوە حوکمی و ناحوکمیەکان، بڵاوبوونەوەی کلتوری دیموکراتی و زیاد بوونی پێویستیەکانی خەڵك بووە هۆی ئەوەی دبلۆماسیەت ببێتە گشتی و زیاتر لە دوولایەن بەشداری تێدا بکەن.

**یەکەم: دیبلۆماسیەتی کۆنگرەی لوتکە:** ئەو جۆرە دبلۆماسیەتەیە کەتەنها سەرۆکی وڵاتان بەشداری تێدادەکەن، ئینجا ئەمە هەموو سەرکردەکانی جیهان یان کیشوەرێکی دیاریکراو هەرێمێکی دیاریکراو بەشداری دەکەن وە بۆیە بەلوتکە ناو دەبرێت چونکە تەنها ئەو سەرکردانەی سەرۆکی وڵاتەکانن بەشداری تێدادەکەن.

**دووەم: دبلۆماسیەتی هەیمەنە:** ئەمە بەردەوام ترین جۆری دبلۆماسیەتە ، هەرچەندە لە ڕووی مێژووییەوە دێرینە ئەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی هێزە نهێنیەکان، بەڵام تائێستا بەردەوامی هەیەو بەتازە دادەنرێت، چونکە دەوڵەتانێکی وەك ئەمریکا پەیرەوی لێدەکات، چونکە لەناوەڕۆکدا بەکارهێنانی هێزەکەی وا لەوڵاتانی تر دەکات کارێك بکەن کە ویستیان لەسەر نیە، بەڵام لە ڕووکەشدا کاروباری دبلۆماسەت ئەبات بەڕێوە. ئەمەش لەڕێگەی دانووسانەوە دەبێت، کە مەبەست پێ ئاڵوگۆڕکردنی تێروانین و دیدوبۆچوونە لەنێوان دوو یەکەی سیاسیدا(توفیق:٢٠٠٩،ص٣٥٩).

**تەوەری دووەم: دیبلۆماسیەت لەسەردەمی نوێدا**

لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتایەك لەکاری دبلۆماسی لە قۆناغە کۆنەکاندا، بەڵام ئەم دیبلۆماسیەتە هەروەك پێشتر باسکرا زیاتر بەشێوەی نهێنی ودوولایەنەو کاتی بووە لەگەڵ بەردەوامی ئاڵوگۆڕی نوێنەرە دبلۆماسیەکان، ئەم قۆناغە بەردەوام ئەبێت تاساڵی ١٩١٤ ورووودانی جەنگی جیهانی یەکەم، چونکە لەم ساڵە بەدوواوە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی کە لەسیستمی سیاسی جیهانی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ڕووی دا، دیبلۆماسیەتیش وەك هەرچەمکێکی سیاسی تر گواسترایەوە بۆ قۆناغێکی نوێترو ئامانج و شێوازی جێبەجێ کردنی بەتەواوی گەشەی سەند، هەرچەند سەرەتای ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی دیار ئەگەڕێنریتەوە بۆ ساڵی ١٩١٤ بەڵام ڕەگ وڕیشەی ئەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشتر کە لەکۆنگرەی ڤینەنای ساڵی ١٨١٥ دەست پێدەکات، کۆنگرەی ڤیەنا یەکێکە لەو کۆنگرانەی کە کاریگەری لەسەر کاری دبلۆماسی دانا، قۆناغەکانی پێشتر بووە هۆی دەرکەوتنی هەندێك بنەماو ڕێسا بۆ ڕێکخستنی چوارچێوەی کاری دبلۆماسی.

هەربۆیە دەوڵەتە ئەوروپیەکان هەستیان بەپێویستی گرێبەستێك وڕێکەوتنامەیەکی کۆمەڵی بوو بۆ ڕێکخستنی تایبەتی بۆ نوێنەرایەتی دەرەکی بەڕوویەکە یاسای، بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم هەنگاو لەساڵی ١٨١٥ لە ڤیەناوە دەستی پێکرد، کە ئەو دەوڵەتانەی لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون دیاریکردنی پسپۆڕی سەفارەتەکانیان وئیمتیازاتەکانیان گرتە دەست، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی کۆبوونەوەکان، وئەم کۆنگرەیە بووە درێژە پێدەری چەندین کۆنگرەی تر

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

لەوانە: کۆنگرەی ڤیەننای ١٩٦١ بۆ پەیوەندیە دبلۆماسیەکان، کۆنگرەی ڤیەنای ١٩٦٣ بۆ کاروباری قنصولی، کۆنگرەی ڤیەننای ١٩٦٩ بۆ نوێنەرایەتیە تایبەتیەکان، هەروەها چەند گۆڕانکاریەکاریەکی تر لەسەر ئاستی جیهانی هۆکارێکی تر بوون بۆ پێشکەوتن لەوانە: شۆڕشی فەڕەنسی و ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆن، کە بووە هێنانە ئارای گۆڕانکاری گەورە لە باردۆخە سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیەکان(گەڵالی:٢٠٠٤،ل٢٦)، هەر ئەم کۆنگرەیە بووە هۆی قاڵب گرتنی شارە نستاڵیەکان ودواتر فەڕنساو ئیسپانیاو تەواوی ئەوروپا ئەگرێتەوە. فلیپ کاییە تایبەنمەندی دبلۆماسی لەم قۆناغەدا بەم جۆرە باس ئەکات(البدير:٢٠٢١).

١. لە ئەنجامی پێشکەوتنی مانای دەوڵەت، دیبلۆماتکارەکان نمایندەی دەوڵەتەکانیان دەکرد، نەوەك کەسی حاکم، لەگەڵ ئەوەی کە دیبلۆماتکارەکان خاوەنی ڕێزو شکۆ بوون.

٢. دیبلۆماتکارەکان بوونە بەشێك لە بەڕێوبەرانی دەوڵەت وەك فەرمانبەرێکی ڕەسمی لەکاروباری دەرەوەیان.

٣. دەرکەوتنی چەندین یاسای دبلۆماسی پەیوەندیدار بەڕێوڕەسم وپلەبەندی وەڤیفی دیاریکردنی هاتن وڕۆشتن وئیمتیازات و حصانات، وە ئەم پێشکەوتنانە بەردەوام دەبن تا پلەی دەرکەوتنی وەزیری چاودێر.

٤. دیبلۆماتکارەکان ڕۆڵی تەجەسوسیان نەما وەکو لەوەو پێش هەیان بوو، بەڵکو کاری سەرەکی ئەوان بریتبوو پێدانی زانیاری بەحکومەتەکانیان سەبارەت بەو وڵاتەی کەلێی نوێنەرایەتی دەکەن بۆ ئەوەی کەوڵاتەکەیان بریاری سیاسی دروست بدات کە پشتبەستوو بێت بەو زانیاریانەی کەباڵوێزەکان لەدەرەوە بۆ کاربەدەستانی وڵاتەکانیان دەنێرن، لێرەوە باڵوێزەکان بەشداریان لەدروستبوونی هاریکاری دولی کرد لەنێوان وڵاتەکاندا، هەروەها ڕۆڵیشیان هەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەچارەی ئاشتی.

٥. گرنگی دان بەڕایگشتی وکەمینەکان لەبوارە پەیوەندیدارەکان بەسیاسەتی دەرەوە، لێرەوە کاری دیبلۆماسی لەنێوان حکومەتەکاندا دەکرا کە پێشتر بەنهێنی بوو.

٦. جیاوازی کردن وگەشەپێدانی کاری دبلۆماسی بۆ نوێنەرە دبلۆماسیەکان، کەسەکان سەربەخۆ کران، بۆ دەرکردنی بریارەکان ئەگەڕانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە بەتایبەت وحوکمەتەکەی بەگشتی، بەمانایەکی تر جێبەجێ کردن وڕێزگرتنی ئەو بڕیارانەی حوکمەت دەری دەکات بۆ سەفارەتەکان لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی دەرکردنی بریاری خێرا لەکاتی لەناکاو بەبێ گەڕانەوە بۆ گفتگۆی ناوخۆی.

لەدوای کۆنگرەی ڤیەنناش دوو ڕووداوی گرنگی تر کەکاریگەری گەورەیان لەسەرکاری دبلۆماسی دانا بریتی بوو لەڕوودانی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە گشتیانەی لەسیاسەت وبوارە کۆمەڵایەتی وئابووری و ....هتد ڕووی دا، ئەم ڕووداوانە کاریگەریان لەسەر دبلۆماسیەت دانا بەتایبەت کە وڵاتانی ئەوروپی توانیان هەنگاوێکی گەورە بنێن و خزمەتێکی باش بەکاری دبلۆماسی بکەن، لەدوای هەموو گرفتە ناوخۆی وکیشوەر چارەسەرکران وهەنگاوەکانی یەکگرتنی ناوخۆی دەستی پێکرد(صبارینی:٢٠٠٩،ص٣٢-٣٣).

هەروەها کرانەوەی ئەم پەیوەندیانە بەڕووی دەرەوەدا، لەم کاتەدا زانستێك بۆ دبلۆماسیەت سەرهەڵدەدات، لەم قۆناغەدا دبلۆماسی نهێنی دەگۆڕێت بۆ ئاشکرا دەبێتە گۆڕانکاری لەیاسا

ئەخلاقیەکانەوە بۆ یاسای گشتی نێو دەوڵەتی کە تێدا ماف و پاراستنەکانی دبلۆماسیەت بەتەواوی دیاریکرا. یەکێك لە گرنگترین لایەنەکان لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم دروست بوونی کۆمەڵەی گەلان بوو، وەك یەکەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە نوێنەری زۆرینەی وڵاتانی تێدابوو، بۆ نموونە: پێشتر کاری دبلۆماسی نهێنی بووە بەڵام لە میپاقی کۆمەڵەی گەلان مادەی (١٨) هاتووە:"کل معاهدة أو اتفاق دولى ببرمة فيها بعد أى عضو فى العصبة، يسجل فى الحال لدى الامانة العامة التى سرعان تعلنة، ولن بلون لاى اتفاق دولى أو معاهدة من هذا القبل هذا التسجيل"، دوای دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکانیش مادەی (١٢٠) لە ڕیکاریەکەی جەحتی لەسەر هەمان بابەت کردەوە (طاهر:٢٠١١:ص١٧).

هەروەها ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەمریکا( ودرۆ ویلسن) لەکانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ بۆ ئەو چواردە خاڵەی کە لە بەڵگەنامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەچوو، تێدا داوای کرد دەبێت دبلۆماسی ئاشکرا بێت و چواردە خاڵەکەش کاری پێبکرێت(صباريني:٢٠٠٩،ص٣٤). ولەکاتی جەنگی جیهانی دووەم وتائێستاش ئەم گۆڕانکارییانە درێژەی هەیە، دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەبیرۆکەی ئاسایشی بە کۆمەڵەوە سەرچاوەیەکی تری ئەم گۆڕانکاریانەیە(گەلالی:٢٠٠٤،ل٢٨). چونکە دیبلۆماسیەتی ئاشکرا، خۆی دەبینێتەوە لەئیدارەدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەڕێگەی دانووسان، لەڕێگەی باڵوێزخانەکانەوە(بولي:٢٠٠٦،ص٢٤١). وەتوانین گرنگی دروست بوونی ئەم ڕێکخراوانە بگەڕێنینەوە بۆ:(زيل:٢٠٠٩،ص١٠٥)

١. ئەم ڕێکخراوانە گرنگترین جێگان بۆ خستنە ڕووی کێشەکان ولێکۆڵینەوەو گفتوگۆکردنی، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و سیاسی و هونەری و ئاینی و .....هتد، کە دبلۆمات دەتوانێت ڕای خۆی بڵێت و چالاکی هەبێت و ئەم گفتوگۆیانە لەنێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەبێتە دبلۆماسیەتی بەکۆمەڵ.

٢. ئەم ڕێکخراوانە بوونە هۆی پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت و بە حصانات و الامتيازات، أعتراف کردن بەمافە باش و خراپەکانی نوێنەرایەتیە دبلۆماسیەکان، هەروەها پێشکەوتنی یاسای گشتی نێو دەوڵەتیش بۆ هەمان مەبەست.

### باسی سێیەم: دیبلۆماسیەتی ژمارەیی ئامراز و ئامانجەکانی

ئەم جۆرە لەدیبلۆماسیەت، جۆرێکی نوێیە،لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ودیبلۆماسیەتی نێودەوڵەتیدا، لەبەرئەوەی بوار وشێوازەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی کەخۆی لەچوارچێوەیی تەکنەلۆژیایدا دەبینێتەوە، فراوانتر بووە، چونکە ئەم بوارە بەردەوام بەرەو پێش دەچێت، و بوارێك نیە کە وەستان وپشوو بزانێت ورۆژ دوای رۆژ وبگرە بەرەوپێشچوونەکان بەپێی کات وسات زیاتر زیاتر دەبێت. بۆیە دیبلۆماسیەتی ژمارەیی لەم چێوارچێوەیەدا بوارێکی گرنگی داگیرکردووە، لەبەرئەوەی ئەم بوارە پەیوەستە، بەبواری بەکارهێنان تەکنەلۆژیا لەلایەن سەران وسەرکردە سیاسییەکانی تەواوی وڵاتانەوە.

### تەوەری یەکەم: چەمك و ئامرازەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی.

یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر دیبلۆماسیەت لەم سەردەمەدا بریتیە لە شۆڕشی زانیاری و پەیوەندییەکان لەسەردەمی نوێدا، ئەم شۆڕشەش لەڕێگەی پێکگەشتن وئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان تاکەکان یان خەڵکەوە بەدیهاتوون، کە بوونتە هۆی گۆڕانکاری لەدیمەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری لەتەواوی وڵاتانی جیهاندا. هەر بۆ نموونە ئەم شۆڕشی زانیارییە لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا دەتواندرێت ببێتە هۆی بازدان وچوونە ناو قۆناغێکی تری لەپیشەسازی وئاڵوگۆڕی ئابووریی بۆ ئابووری زانیاری کە

بەهایەکی گەورەی وزۆری هەیە ودەتوانێت ململانێی ئابووریيه پێشکەوتووەکان بکات لەبازاری جیهانیدا. داهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەردەمی جیهانگیریدا لەڕێگەی دابینکردنی بونیاد وژێرخانی پەیوەندییەکان بۆ تەواوی جیهانە، بۆیە هیچ وڵاتێك ناتوانێت خۆی لابدات لە پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایە(2017:Adesina).

**یەکەم: پێناسەی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی**

دیبلۆماسیەت خۆی بریتیەلە ژوورێکی جووڵاو" غرفة المحرك - engine room" لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. بەڵام دەبێت ئەوە بزاندرێت کەئەم جۆرەی دیبلۆمایش وەکو تەواوی جۆرەکانی تری دیبلۆماسی خاوەنی یەك پێناسەی شامل وجامع و مانع نیە کە تەواوی نوسەران و لێکۆڵەراوان لەسەری رێکبکەون، بۆیە پێناسە وتێروانینی جیاواز هەیە لەسەری.

هەر دوو نوسەر Manor and Segev، دیبلۆماسیەتی ژمارەیی"بەشێوەیەکی تەواوەتی بریتیەلە بەکارهێنانی زۆرتر وزیاتری رووبەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن دەوڵەتەوە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسیەتی دەرەوەیدا وئیدارەدانی وێنەی دەوڵەت و بەهاو پێگەی دەوڵەت لەژینگەی دەرەوەدا. هەروەها Lewis یویز، ناساندنی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی بەم شێوەیە دەکات کە"بریتیەلە لەو جۆرەی دیبلۆماسیەی کە بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکانی پەیوەندییە ژمارەییەکانە(ئامراز و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)ە لەلایەن کەسانی دیبلۆماسەوە بۆ لێ تێگەیشتن لەیەکتری و لەخەڵك بەشێوەیەکی گشتی". هەروەها بوتر دەڵێت کە دیبلۆماسیەتی ژمارەیی، بەشێوەیەکی گشتی بریتیەلە مومارەساتی دیبلۆماسی لەڕێگەی تەکنیکی ژمارەیی و تۆڕەکانەوە، وەکو تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و ئامێرە هەڵگرەکان وکەناڵەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی. هانسون، دەڵێت، دیبلۆماسیەتی ژمارەیی بریتیەلە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت وتەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان وزانیارییە نوێیەکان وەکو یارمەتیدەرێك بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی دیبلۆماسیەت (2017:Adesina).

هەروەها دیبلۆماسیەتی ژمارەیی بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەشێوازێکی رێك و رێکخراو بۆتە هۆی ئەوەی کە باڵوێزخانە و قونسوڵخانەکان بتوانن بگەنە ملیۆنان کەس لەجیهاندا، بەجۆرێك لە ٩٠% دەوڵەتانی ئەندام لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەئێستا بوون وحسابیان هەیە لەئەژماری تویتردا، ولە٨٨% دەوڵەتانیش ئەژماری حسابیان هەیە لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك(2018;Bjola).

پێناسەیەکی دیاریکراویش بۆ ئەم چەمکە بوونی نیە، سەرەرای ئەوەش یەك ناو هێنانیش بۆ ئەم چەمکە بوونی نیە، چونکە چەمك گەلێکی زۆر بەکاردێت لەوانە، دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی، دیبلۆماسیەتی عەمەلی یان واقعی، ودیبلۆماسیەتی روون، بەڵام دوو چەمك بەدیاریکراوی بەکاردێن ئەوانیش بریتین لە، دیبلۆماسیەتی فەیسبووك، ودیبلۆماسیەتی توتیر ئەمەش بەهۆی زۆر زیاتر بەکارهێنانی دەوڵەتان بەتایبەتی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتان بۆ ئەم دوو تۆڕە کۆمەڵایەتیە. وئەمەش وایکردووە جۆرێکی تری دیبلۆماسیەتی تریش بەدەربکەوێت کە بریتیەلە(دیبلۆماسیەتی سێلفی- Selfie) ئەمەش وەکو ئاماژەیەك کە هەندێ لەدیبلۆماتکاران وسەرۆکی دەوڵەتان بەشێوەی سێلفی وێنە دەگرێن لەگەڵ ئەوانی تردا بۆ راکێشانی جاماوەر، بەڵام هەموو ئەم چەمکەکانە دەلەلاتن لەسەر ئەوەی کە تەکنەلۆژیا زانیارییەکان وپەیوەندییەکان چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر بواری دیبلۆماسیەت(الحماصنة:٢٠٢٠،ص٦-٧). هەروەها ئەمەش ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری لەنێوان وڵاتاندا دەگرێتەوە(أ.منغست، م.اريغوين،٢٠١٦،ص٥٧٤). نەك وەکو سەردەمی دوای جەنگی سارد، کە ساموێل هاتنغتون پێی وابوو کە جیهان دابەش دەبێت، ململانێ دروست دەبێت(صالح البرزنجي:٢٠٠٩،ص٢٠٠). مێژووی بەکارهێنانی ئەم جۆرە دیبلۆمایەش دەگەرێتەوە بۆ

ساڵی ٢٠٠١ ئەو کاتەش بەم شێوەیە پێناسەی دیبلۆماسیەتی ژمارەییان کردبوو بەوە کە بریتیەلە"بەکارهێنانی زۆرتری تەکنەلۆژیایی زانیاری و پەیوەندییاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لەرێوشوێنەکانی دیبلۆماسیەتی گشتی"( می: ٢٠١٨).

هەروەها نوسینگەی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا ییلۆماسیەتی ژمارەیی دەناسێنێت بەوەی کە بریتیەلە"چارەسەرکردنی کێشە دەرەکییەکانە بە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت". وهەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش وا ناساندن بۆ دیبلۆماسی ژمارەیی دەکات کە بریتی بێت لە"هونەری حکومکردنە لەسەدەی بیست و یەکدا"، ووەزارەتی دەرەوەی کەنەداش وا ناساندنی بۆ دەکات کە"سیاسەتی کراوەیە"، و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنساش وا ناساندن دەکات بۆ دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی بریتیەلە"ئەم جۆرە دیبلۆماسیاتە درێژکراوەی دیبلۆماسیەتی گشتیە بەچەمکە تقلیدیەکەی، لەگەڵ پشت بەستن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان، و بەشداری کردن لەگۆڕانکاری کردن لەچالاکی دیبلۆماسی"( العامودي:٢٠١٨).

لەسەر رۆشنایی ئەوەی پیشکەش کرا دەکرێت کەدیبلۆماسیەتی ژمارەیی واپێناسە بکرێت، کە بریتیەلە شێوازێکی نوێی دیبلۆماسیەت، کە لەرێگەی بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازەکانی پەیوەندی و ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە جێ بەجێ دەکرێت، بەئامانجی بەدەستخستن و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دەرەوەی دەوڵەت لەژینگەی دەرەوەدا.

**دووەم: ئامرازەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی**

ئامرازەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە تۆڕە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان بەشێوەیەکی گشتی لەوانەش، ئامرازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە لەئێستادا بەشێکی گرنگن لەژیانی رۆژانەی هەرتاکێکدا لەوانە( Twitter, Facebook, WhatsApp, Skype, Instagram, YouTube, Messenger...) لەتەواوی دەوڵەتانی جیهاندا، بۆیە دەوڵەتانیش بەتایبەتی وەزارەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك هەوڵی بەکارهێنانی هەریەك لەم تۆرانە ئەدات بەو شێوەییەی کە چۆن بتوانێت ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت لەرێگەی گەیاندنی پەیامەکانە بە خەڵك. بۆیە"دەتواندرێت ئەو پرسیارە بکرێت کە ئایا تەواوی سەرکردەکانی جیهان لەتۆری توتیرن؟ رەنگە، بەپێی راپرسیەکی نوێ کە دراسەیەکی نوێ بڵاوکراوەتەوە لە تویلوماسی لەساڵی ٢٠١٨، بەشێویەك لە ٩٧% لەوڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان بوونیان هەیە لەتوتیر، تەنها شەش وڵات لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بونیان نیە لە توتیر، بەشێوەیەك ٩٥١ حساب لەتوتیر شوێنکەوتەی وەزارەت و وەزارەتی دەرەوەی ١٨٧ دەوڵەتن، ودابەشبوون بەم شێوەیە: ٣٧٢ حساب کەسین و ٥٩٧ حسابی دامەزراوە سەرەکییەکانی دەوڵەتانن لە توتیر( می: ٢٠١٨).

هەروەها فەیسبوك لەپلەی دووەمدا دێت دوای توتیر لەرووی بەکارهێنانەوە، بەجۆرێك"بەشێکی زۆری دیبلۆماتکاران و دامەزراوە حکومەییەکان ونێودەوڵەتییەکان بەکاردەهێنن، ٩٣% سەرکردە و حکوماتەکانی جیهان فەیسبوك بەکاردەهێنن کە لە١٩٧ دەوڵەتن، بەپێی سەرژمێریەك لەساڵی ٢٠١٨دا زیاتر لە ٤ ملیار کەس لەجیهاندا ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن، لەم نێوەدەشدا نزیکەی ٣,٢ ملیار کەس تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن کە دەکاتە لە٤٠% دانیشتوانی جیهان، هەروەها دامەزراوەی"گلۆباڵ ویب ئیندکس"لەبەریتانیا لەدراسەیەکیدا لە ٤٥ دەوڵەتیی جیهاندا کە خاوەن رۆڵن لەبازاری ئەنتەرنێدا، ئەوە دەرکەوتووە کە هەموو کەسێك رۆژانە ٩٠ دەقیقە لەساڵی ٢٠١٢ پێگە کۆمەڵایەتیەکانی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم رێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ ١٣٤ دەقیقەی رۆژانە لەساڵی ٢٠١٩دا، وئەم دراسە ئاماژە دەکات بەوەی کە نیو ملیۆن وێنە وتغریدە بڵاو دەبێتەوە لەماوەی یەك دەقیقەدا لە تۆڕە کۆمەڵاتیەکاندا"(یحیی:٢٠١٩).

هەروەها یەکێکی تر لەئامرازەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی(ئەلیکترۆنی)، بریتیەلە هەبوونی باڵوێزخانەی ئەلیکترۆنی کە لەواقعدا بوونی نیە، بەڵام لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەو وڵاتانەیە کە پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵ یەکدا نیە بەشێوەیەکی رەسمی، وەکو ئیران وئەمریکا. هەروەها پێگە کۆمەڵایەتیەکان کەبەشێکی زۆری وەزارەتی دەرەوە و نوێنەراتیە دیبلۆماسیەکان پێگەی ئەلیکترۆنیان هەیە کەتەواوی زانیاری تایبەت بەخۆیان دائەگرن لەو پێگەنەدا بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بەخەڵکەوە هەیە. هەروەها فێرکردنی دیبلۆماسەکان لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە، واتا بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئەنتەرنێت بۆ خوێندن لەدوورە، وەکو چۆن لەئێستادا لەجیهاندا بڵاوە (الحماصنة:٢٠٢٠،ص١٢). بۆیە ئەم قۆناغەش جیاوازە لەقۆناغی"دوای جەنگی سارد کەبەقۆناغی سەرکەوتنی بەرەی ڕۆژئاوا بوو وسەرکەوتنی دیموکراسی ومافی مرۆڤ بوو، کەبوونە بنەمای جیهانی"(حسين:٢٠٠٧،ص٣٨).

لەبەرئەوە ئامرازەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیش زۆرن، لەبەر هەبوونی زۆری وفرەیی پێگەکانی ئەنتەرنێت وتۆڕەکانی پێگە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەریەکەییان بەشێوە وجۆرێك دەتواندرێت بەکاربهێندرێت لەبواری دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنیدا، لەبەرئەمەشە کە زۆرینە وڵاتان لەئێستا لەم سەردەمی پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیادا پیشت بەم تۆڕ و پێگەنە دەبەستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وڵات، بەتایبەت ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت، لەدەرەوەی سنووری دەوڵەتدا.

**تەوەری دووەم: ئامانجەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی(ئەلیکترۆنی)**

دیبلۆماسیەت لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا بێگومان خاوەنی ئامانجی تایبەتی خۆیەتی ودیبلۆماتکارانیش هەموو هەوڵێکی خۆین ئەدەن بۆ ئەوەی ئامانجی سەرەکی وڵاتەکەیان بەدەست بخەن، چونکە ئەمە کاری سەرەکی و لە پێشینەی ئەوانە. بۆیە تەواوی جۆرەکانی دیبلۆماسی ئامانجیان ئەوەیە کە بەرژەوەندی وڵاتەکەیان بەدەستبهێنن و بپارێزن، بێگومان دیبلۆماسیەتی ژمارەیش ئامانجی خۆی هەیە کە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەدات وەکو تەواوی جۆرەکانی تری دیبلۆماسیەت. ئامانجەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی: (2017:Adesina).

**یەکەم:** ئیدارە مەعریفە، واتا بەکارهێنانی ئیدارەی مەعریفە و تەواوی مەعریفەی حکومی لەناوخۆی وڵاتدا، بەجۆرێك بتواندرێت بەشداری پێ بکرێت و بەکاربهێندرێت بەباشترین شێوە لەدەرەوەی وڵات و ژینگەی دەرەوەدا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی وڵات لەدەرەوەدا بەدەستبهێندرێت.

**دووەم:** دیبلۆماسیەتی گشتی، بۆ پارێزگاریکردن لەپەیوەندی بە جەماوەرەوە لەکاتی گەیاندنی پەیامەکاندا لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە یان ئەلیکترۆنیەوە، ودابینکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن نوێ بۆ گوێ گرتن لەداواکارییەکانی جەماوەر بۆ ئەوەی کارییگەرییان لەسەر دروست بکرێت و ئامانجدار بکرێن بەو پەیامەنەی کە وڵاتی پەیامنێر مەبەستێتی لەرێگەی ئەلیکترۆنیەوە.

**سێیەم:** ئیدارەدانی زانیارییەکان، بۆ یارمەتیدان وکۆکردنەوەی تەواوی زانیارییەکان بەکارهێنیان لەرێگەی راگەیاندنەوە بۆ دروستکردنی سیاسەتی گشتی بەشێوەیەکی باش، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ جووڵاندنی بزاوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

**چوارەم:** پەیوەندی وەڵامدانەوەی قونسوڵخانەکانە، دروستکردنی کەناڵی تایبەت وکەسی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ هاوڵاتیاندا بەتایبەت ئەوانەی گەشت دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات یارمەتی دەریان دەبێت، و لەگەڵ ئەم پەیوەندییانەدا دەتواندرێت تحکوم بەم کەسانەوە بکرێت لەکاتی قەیرانەکاندا.

**پێنجەم:** وەڵامدانەوەی کارەساتەکان، ئەمەش بەهۆی هەبوونی ئەوە پەیوەندییە ئەلیکترۆنییانەوە دەبێت کە لەنێوان کەسەکاندا هەیە لەحاڵەهەتی هەبوونی کارەساتدا.

**شەشەم:** ئازادی لەبەکارهێنانی ئەنتەرنێتدا، داهێنانە نوێیەکانی بواری ئەلیکترۆنی یارمەتیدەر دەبێت بۆ پارێزگاریکردنی لەئازادی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و کردنەوەیدا، و ئەمەش پەیوەندیدارە بە باشترکردنی ئازادی دەربڕین و دیموکراسی و بەرتەسککردنەوەی کاری سیستەمە دیکتاتۆرییەکان.

**حەوتەم:** گەشەپێدان و کۆکردنەوەی تواناکانە لەدەرەوەی سنووری وڵات، بە بەکارهێنانی تۆڕ و پێگە ئەلیکترۆنیەکان یارمەتیدەر دەبێت لە کۆکردنەوەی تواناکانی دەرەوە ئەمەش بە ئامانجی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی وڵات.

**هەشتەم:** پلاندانانی بۆ سیاسەتەکان، ئەمەش بریتیەلە لەرێگەدان بەسەرپەرشتی کردنی کارا و هاوچوونەیەکی و پلان دانان بۆ دانان و دروستکردنی سیاسیەتی نێودەوڵەتی لەرێگەی حکومەتەکانەوە، و وەکو وەڵامدانەوەیەکیش بۆ بڵاوکردنەوە و نێودەوڵەتی کردنی بیرۆکراسی. چونکە ئەمە بە"سەرماییەی زانیارییەکان، بەهۆی تەکنەلۆژیایی زانیارییەوە، کەمزۆر پێشکەوتووە"(الخزرجي:٢٠٠٥،ص٣٤١)

لەدنیایی پێشکەوتنی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا، تەواوی وڵاتان هەوڵئەدەن کە ئەم تەکنەلۆژیاییە بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیان بەکاربهێنن، بەجۆرێك لەدنیایی ئەمرۆدا نزیکە ٤٠% دانیشتوانی جیهان ئەنتەرنێتیان هەیە و بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٩٥ لە ١% دانیشتوانی جیهان ئەنتەرنێتیان هەبوو وبەکاریان دەهێنا. وئەم رێژەییە لەساڵی ٢٠٠٥ گەیشتە نزیکەی یەك ملیار بەکارهێنەر، ولەساڵی ٢٠١٧ دا گەیشتە نزیکەی ٤ ملیار بەکارهێنەر. و هەروەها بۆ نمونە کۆمپانیایەکی وەکو فەیسبووك ١,٦٥ ملیار کەس چالاکن ورۆژانە ١،٠٩ ملیار کەس دەچنە ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك. هەروەها پرۆسەی گەڕان لەگۆگڵدا رۆژانە دەگاتە ٣,٥ ملیار گەران، هەروەها لە توتیر ٥٠٠ ملیۆن تویت دەکرێت رۆژانە، هەروەها لەجیهاندا زیاتر لە یەك ملیار پێگەی ئەلیکترۆنی بوونی هەیە(Bjola;2019).

بۆیە ئەم داتا وژمارانە دەرخەری ئەوەن کەپێگە ئەلیکترۆنیەکان دەتواندرێت چ کاریگەرییەکی هەبێت وچۆن بتواندرێت لەرێگەی دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنیەوە دەوڵەتان ئەم پێگەنە بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیان بەکاربخەن، ئەمەش رێگەیەکی ئاسانە بۆ وڵاتان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە دیبلۆماسیەکان، بەتایبەت کە دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی یان ژمارەیی چەندین ئامانجی گرنگی هەیە بۆ بەدەسهێنانی ئەم ئامانجەنەش وڵاتان ئەم پێگە ئەلیکترۆنیانە بەکاردەهێنن، چونکە بەکارهێنەر و سەردانیکەری ئەم پێگە ئەلیکترۆنیانە زۆرە و پەیامی دەوڵەتیش دەتواندرێت زۆوتر و باشتر بگەیاندرێت. بۆیە:

١. دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی یان ژمارەیی، جۆرێکی تری دیبلۆماسیەتە کەوڵاتان دەیگرنەبەر بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی خۆیان.

٢. ئەم جۆرە دیبلۆماسیە رێگەی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

٣. ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندی دیبلۆماسی رەسمیان نیە لەگەڵ یەکتری پانە دەبەنە بەر ئەم جۆرەی دیبلۆماسی بۆ گەیاندنی پایەمەکانیان بە گەلی وڵاتی بەرامبەر.

٤. لەبەرئەوەی بەکارهێنەرانی پێگە وتۆڕە ئەلیکترۆنیەکان زۆرە وبەربڵاویشە، وڵاتان دەتوانن زووتر کاریگەری دروست بکەن لەسەر خەڵك و جەماوە بەشێوەیەکی گشتی.

٥. لەسەردەمی هەبوونی قەیراندا ئەم جۆرەی دیبلۆماسی زۆرتر بەکاردێت و پەنای بۆ دەبرێت.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**بەشی دووەم: دیبلۆماسیەتی ژمارەی و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوە**

باسی یەکەم: دیبلۆماسیەت و سیاسیەتی دەرەوە

باسی دووەم: کاریگەرییەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی لەسەر سیاسیەتی دەرەوە

تەوەری یەکەم: کاریگەرییە ئیجابیەکان دیبلۆماسیەتی ژمارەیی
تەوەری دووەم: کاریگەرییە سلبیەکان دیبلۆماسیەتی ژمارەیی

**بەشی دووەم: دیبلۆماسیەتی ژمارەی و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوە**

هەموو سیاسیەتێك کە ئاراستەی ژینگەی دەرەوە دەکرێت بۆ ئامانج و مەبەستێکە، جا چ ئامانجە راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ بێت یان لەئامانجە سەرەکییەکانی دەوڵەت بێت یان ئامانجە لاوەکییەکان، بۆیە ئەو سیاسەتەی کە ئاراستەی ژینگەی دەرەوەی سنووری دەوڵەت دەکرێت لەزۆربەی کات وباردا بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی نەتەوەییەکانە، لەبەرئەوە دیبلۆماسیش بەشێوەیەکی گشتی بەهەموو ئاستەکانیەوە کاردەکات بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی وڵات لەدەرەوەدا، دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنیش بەشێکە لەدیبلۆماسیەتی گشتی کەهەمان کار دەکات بۆ دەوڵەت لەرێگەی ئەنتەرنێت وتۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانەوە.

**باسی یەکەم: دیبلۆماسیەت و سیاسەتی دەرەوە**

سیاسەتی دەرەوە چەمکێکە لە ڕووی پێکهاتنی زمانەوانییەوە لە دوو ووشەی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتین لە ووشەی (سیاسەت) لەگەڵ ووشەی (دەرەوە)( فهمی:٢٠١٠،ص١٥). ئەمەش مانای وایە سیاسەتی دەرەوە چەمکێکی جیاوازە، لە هەندێك چەمکی تری بواری سیاسەت و کایەی تری زانستی سیاسەت، لە شێوەی سیاسەتی ناوخۆ، دیپلۆماسییەت، ستراتیجییەت، سیاسەتی نێودەوڵەتی وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە جەختی لەسەر ئەوەیە کە کاروبارە سیاسیەکانی دەوڵەتە لەدەرەوەی سنووری وڵات بەئامانجێکی تایبەت.

هەروەها لەڕووی زاراوەییەوە سیاسەتی دەرەوە تێڕوانینی جیاواز هەڵدەگرێت، چونکە دیدوبۆچوونی جیاوازی لەسەرە پێناسەیەکی جامع ومانع نیە کەتەواوی لایانەکانی سیاسەتی دەرەوە لەخۆ بگرێت. بۆیە د. مازن ئیسماعیل ڕەمەزانی، پێوایە سیاسەتی دەرەوە بریتیەلە"چەند هەڵسوکەوتێکی سیاسی دەرەکی ئامانجدار و کاریگەرە، کە لە ڕێگایانەوە دەوڵەت بەرەو یەکە نێودەوڵەتییەکانی تر دەجوڵێت(الرمضاني:١٩٩١،ص٣٣)".

واتا سیاسەتی دەرەوە هەڵسوکەتی دەرەکی دەوڵەتە، کە ئامانج و مەبەستی تایبەتی هەیە ئەوەیش بریتیەلە بەکارهێنانی تواناکانی دەوڵەت بۆ هێنانەدی دی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، وەکو چۆن د.محمد سەید سلیم، پێناسەیەکی زۆر وورد و چڕ دەخاتە ڕوو بۆ سیاسەتی دەرەوە کە پێی وایە کە سیاسەتی دەرەوە"بەرنامەی کاری ڕاگەیەندراوە، کە لەلایەن نوێنەرە فەرمییەکانی یەکەیەکی نێودەوڵەتییەوە دیاریدەکرێت، ئەمەش بە هەڵبژاردن لە نێوان کۆمەڵێك جێگرەوەی بەردەست و لە پێناو بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی(سید سلیم:١٩٩٨،ص١٢)"، هەروەها پێی وایە کە سیاسەتی دەرەوە چەند ڕەهەندێکی هەیە کە بریتین لە هەریەکە لە (فەرمیبوون، ئاشکرایی، هەڵبژاردنی ئازادانە، دەرەکیبوون و بەرنامەڕێژی).

چارڵ کالڤۆ(C.Calvo) وا دیبلۆماسیەت داناسێنێت کەبریتی بێت لە(دیبلۆماسیەت زانستی پەیوەندی نێوان دەوڵەتە جیاوازەکانە لەئەنجامی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و پرنسیپەکانی یاسای



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

نێودەوڵەتی و دەقی پەیماننامە و ڕێککەوتنەکان و زانینی دەستور و داب و نەریتەکان دروست دەبێت و گەشە دەکات کە بۆ بەڕێوەبردن و بەدواداچونی کاروبارە گشتییەکان دانوستانەکان پێویستە، بە دەربڕینێکی ڕاستتر دیبلۆماسیەت زانستی پەیوەندییەکانە، یاخود ئاسانتر بڵێین هونەری دانوستانە، هونەری ڕابەرایەتی و ئاراستەکردن و بەدواداچونی مەرجەکانی دانوستانە سیاسییەکانە بەشێوەیەکی ژیرانە)(زەینەڵ:٢٠٠٨،ل١٠٠).

هەروەها پەیوەندنی نێوان سیاسەتی دەرەوە و دیبلۆماسیەت بریتییە لە هونەری جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسەتی دەرەوە کەجێبەجێ دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کەرێگەیان پێدەدرێت کاری دیبلۆماسی بکەن(حسین،١٩٩٨،ص٩٤). واتا بەرنامەی سیاسەتی دەرەوە بەهونەری دیبلۆماسی جێ بەجێدەکرێت. بەڵام عدنان بکری، روون تر پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکەی ئاشکرا کردووە بەو جۆرەی کە (دیبلۆماسیەت بریتییە لە کردارێکی سیاسی کەوڵاتان دەیگرنەبەر بەمەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەیان لەگەڵ کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکانی تر لە چوارچێوەی یاسای گشتی نێو دەوڵەتیدا)(طاهر:٢٠١٢). دیبلۆماسیەت خۆی لەخۆیدا بریتیەلە بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوە و نێونەتەوەیی لەدەرەوەی سنووری دەوڵەت وژینگەی نێودەوڵەتیدا لە ڕێگای باڵوێز وفەرمانبەرە دیبلۆماسیەکانی تر(محەمەدی وحاجی زادە:٢٠٢٦،ل٢٣١).

هەروەها لەپەیوەندی نێوان سیاسەتی دەرەوە وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیبلۆماسیەتدا، دیبلۆماسیەت خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە زانست وهونەری ئیدارەکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە نێوان ووڵاتاندا بە جۆرەها هۆ وئامرازی ئاشتیخوازانە، وهەڵسوکەوت کردن وگفتوگۆ کردنە لەگەڵ خەڵکانی تردا(گەلالی:٢٠٠٤،ل١٥). لەبەرئەوە دەوڵەتە خاوەن هەژموون وگەورەکانیش پێویستیان بەهاوکاری دەرەکی هەیە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان(فرج:٢٠٠٧،ص٤١٢).

کەواتە:

- دیبلۆماسیەت خۆی دەبینێتەوە لەهێزی نەرمی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەدا، لەبەرئەوەی کە پشت دەبەستێت بە هۆی گفتوگۆ و دانوسان لەنێوان لایانە سەرەکیەکانی دانوسانکەردا.
- بەزۆری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی نەتەوەیی پشت بەدیبلۆماسەت دەبەستن، چونکە لەو ڕێگەییەوە دەتوانن باشتر و گونجاوتر ئامانجەکان بەدەست بخەن.
- دیبلۆماسیەت بەتەواوی جۆرەکانیەوە بەتایبەت تر دیبلۆماسییەتی ئەلیکترۆنی لەسەردەمی ئەمرۆدا زیاتر دەرکەوتووە کە لەم ڕێگەییەوە وڵاتان لەرێگەی پێگەی تایبەتی حکومی و کەسییەوە قیەم و بەهاکانی وڵاتی خۆیان بۆ گەلانی تر پیشان ئەدەن و هەوڵی بەیاخیپێدانی ئەدەن لەتێروانینی گەلانی تردا، بۆیە ئەمەش بەشێکە لەئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت.

**باسی دووەم: کاریگەرییەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی (ئەلیکترۆنی) لەسەر سیاسەتی دەرەوە**

لەگەڵ ئەوەی تێکەڵبوون و پەیوەست بوونەی کە هەیە لەنێوان سیاسەتی دەرەوە و دیبلۆماسیەدا، بەڵام جیاوازیش هەیە لەنێوانیادا، لەسیاسەتی دەرەوەدا بڕیاردان بەهۆی کەسەکان و دامەزراوە فەرمیەکانەوە دەبێت کە لەبەرزترین پێگەی لێپرسراوێتیدان لەدەوڵەتدا، بەڵام دیبلۆماسیەت ئەوەیە کە لایانەکانی بڕیار بەدەست پڕ زانیاری دەکات بە زانیاری و ڕاپۆرتی پێویست، ئەمەش لەڕێگەی کاری ڕۆژانەی دیبلۆماتکارانەوە کە مومارەسەی دەکەن لەرێگەی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دانووسانەوە یان لەڕێگەی بەلایانی کەم گفتوگۆوە، بۆیە دیبلۆماسیەت خۆی دەبینێتەوە لە ئامرازەنەی کە کەسایەتیەکانی یاسایی نێودەوڵەتی پشتی پێ دەبەستن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە بۆ ئەوەی ئیدارەی کاروباری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی پێ بەرێ بکەن لەزۆر بواردا(الحماصنة:٢٠٢٠،ص١٧).

هەروەها وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا لەڕاپۆرتی خۆیدا دەربارەی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی، دەڵێت، ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە چارەسەری کێشە سیاسیە دەرەکییەکان دەکات لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە، و هەروەها ڕاپۆرتی ستراتیجی ژمارەیی یان دیجیتاڵی The FCO Digital Stratregy کە لەوەزارەتی کاروباری دەرەوەی شانشینی یەکگرتووە دەرچووە لەساڵی ٢٠١٧ جەخت دەکاتەوە لەسەر: "لەڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە، دەتوانین گوێبگرین وبڵاوبکەینەوە وبەشداری بکەین و هەڵسەنگاندن بکەین بەڕێگەی جیاواز و کاریگەر کە جێگەی گرنگی پێدانن. لەمەش گرنگتر دەتوانین چوارچێوەی تێگەیشتنمان فراوان بکەین و پەیوەندی ڕاستەوخۆ بگرین لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و حکوماتەکان وکەسە کاریگەرەکان. ئێمە بۆچی ئەمە دەکەین؟ لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی کە دژی ئێمەن، تۆڕەکان ئەنتەرنێت بەشێوەیەکی زۆر کارا بەکاردەهێنن لەدژمان. و ئەگەر ئێمە مومارەسەی ڕۆڵمان نەکەین لەگفتوگۆ ئەلیکترۆنیەکاندا، ئەوا ئێمە پێداویستیە ئەلیکترۆنییەکان لەدەست دەدەین. و زۆربەری هاوبەشەکانمان، بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەی حکومەتن، لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە جەماوەر رادەکێشن بۆ خۆیان و شارازەیی پەیدا دەکەن لەبواری بەدەستهێنانی ئامانجەکانیادا، ئەگەر ئێمە کاریان لەگەڵدا نەکەین، ئەوا دەکەوینە دوای ئەوانەوە یان ڕۆڵمان وون دەبێت"(عبدالعال:٢٠١٨،ص١٠). ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ڕۆڵ و گرنگی بواری ئەلیکترۆنی بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی دەرەوەی دەوڵەت، و یان ویستەکانی دەوڵەت لەژینکەی دەرەوەیدا.

هەروەها ئەم ڕاپۆرتە پێوایە کەدیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی، کەوەزارەتی دەرەوە دەتوانێت ئەنتەرنێت وەکو ئامرازێکی فرەرەهەندی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت، و لەگەڵ ئەوەی دەکرێت سەرچاوەیەکی باشیش بێت بۆ زانیاری. وەکو چۆن دەڵێت:" ئێمە ڕاستگۆیی لەدەست ئەدەین، وناتوانین بانگەوازی ئەوە بکەین کە ئێمە سیاسیەتی دەرەوەمان کراوەیە ئەگەر بەشدار نەبین"( عبدالعال:٢٠١٨،ص١٠). ئەمەش زیاتر روون کردنەوە وجەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی کەدیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی، بریتیە لەوەی کەقسەکردن وگفتوگۆیە لەگەڵ جەماوەردا بەبێ بەربەست، لەگەڵ ئەوەی کەدەتواندرێت بۆ چارەسەری کێشە سیاسیە دەرەکیەکانیش بەکاربهێندرێت.

هەروەها بەپێی پێگەی کۆمپانیای ستاتیستا (statista)، کەکۆمپانیایەکی ئاست بەرزی سەرژمێرییە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، لە سەرژمێریەکیدا لەساڵی ٢٠١٧ دا ئەم داتایانەیە دەخاتە ڕوو، لەهەموو دەقیقەیەکدا ٣,٣ ملیۆن بڵاوکراوە بڵاودەکرێتەوە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، ٠٨٠, ٣,٦٠٧ پرۆسەی گەڕانە لەیەك دەقیقەدا، و٤,١٤٦,٦٠٠ سەیرکردنی ڤیدۆکانە لەیوتوب، و ٢٩ ملیۆن ئاڵوگۆڕی نامەیە لەواتس ئاپ، ودانان وداگرتنی ٤٦,٧٤٠ وێنەیە لەئینستاگرام، و٤٥٦,٠٠٠ تغریدەیە لەتویتر، ئەمانە هەمووی لەیەك دەقیقەدا. وەکو لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت(Chaffey;2021)

بۆیە هەموو دەوڵەتان هەوڵی ئەوە ئەدەن کە ئەم بەکارهێنانە ئەلیکترۆنیانە بۆ خۆیان بقۆزنەوە وسیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەڕێگەییەوە ئاراستە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەری دروست بکەن وبتوانن تێڕوانین وبەها باڵاکانی وڵاتی خۆشیان پەرەپێبدەن.




هەروەها دیبلۆماتکارەکان ئامرازەکانی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن بەهەموو جۆرەکانیەوە لەکاروبارەکانی رۆژانەی خۆیان، لەدانوساندن و نوێنەرایەتی کردن وپەیوەندییەکانیان وشیکردنەوەی سیاسەتەکان. بەڵام جەختی سەرەکیان لەسەر هەر دوو بواری دیبلۆماسیەتی تویتر و دیبلۆماسیەتی فەیسبووکە، چونکە ئەم دوو ئامرازە زۆرترین کاریگەرییان هەیە بۆ کاری دیبلۆماسی لەچاو ئامرازەکانی تری دیبلۆماسیدا(Digital Diplomacy:2025). ئەم جۆرە دیبلۆماسەیەتە ئەوە گەشەی کردووە تەنانەت هەندێ دەوڵەتی وەکو دانیمارك باڵیوزی تایبەتیان بۆ داناوە، وەکو، "کاسبر کلینج"، یەکەمین کەسە کە ببێتە باڵوێزی تەکنەلۆژی لەمێژوودا، ئەمە کەسە پێشووتر لەئەندەنوسیا باڵوێزی وڵاتەکەی بووە، ئەم کەسە وا خۆی دەناسێنێت بە"تکنوبلۆماسیە"(النجار:٢٠١٧)، وبارەگای باڵوێزخانەکەی لەوادی سیلیکون کەئەم شوێنە لوتکەی تەکنەلۆژیایی ئەمریکایە، ناوچەیەکی وبەرهێنانی تەکنەلۆژی ئەمریکیە، وپایتەختی تەکنەلۆژیایی جیهانە، وبۆتە شوێنی هەزارەها کۆمپانیای گەورەی بواری

تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو(وادي السيليكون:٢٠٢٢). هەروەها ئەم "کەسە کارەکانی لەچوار بورای سەرەکیدایە وەکو بوارەکانی؛ دروستکردنی کۆمپانیا، و وەرگرتنی تێروانیی کۆمپانیا تەکنەلۆژیایەکان دەربارەی وڵاتەکەی، و ودۆزینەوەی تێروانیە نوییەکان، و هەوڵەدان بۆ چاکسازیکردنی لەکاروبارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا"(النجار:٢٠١٧)، واتا سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانە لەئێستا بۆ داهاتوو کار لەسەر ئەوە دەکەن کە چۆن بواری تەکنەلۆژیا و ئەلیکترۆنی بکەنە بواری سەرەکی کارکردن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان لەژینگەی دەرەوەدا.

لەسەردەمی نوێدا سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان کاریگەرە بەچەند فاکتەرێك، لەوانە، بۆ نوونە تەکنەلۆژیا چۆن کاریگەری دروست دەکات لەسەر کۆمەڵگە، و جەماوەر چۆن دەتوانن بەشدار بکەن لەرێگەی تەکنەلۆژیاوە هاوبەشی بکەن لەسیاسەتی دەرەوەدا یان سیاسەتی دەرەوە چۆن دەتوانێت لەرێگەی تەکنەلۆژیاییەوە کاریگەری دروست بکات لەژینگەیەکی تر، واتا مەیدانی جێ بەجێبکردنی، بۆیە وڵاتان هەوڵی ئەوە ئەدەن کە چۆن بگەنە دیارترین کێشە ئاڵۆزەکانی ناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەرێگەی تەکنەلۆژیاییەوە، ئەمە بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو کار لەسەر ئەمە دەکەن(Sandre:2020,p 48-49). بەڵام ئەمە کەم کردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت نیە، چونکە دەوڵەت هەر رۆڵی دەمێنێت، ولاواز دەبێت و بەهێز دەبێت، بەڵام نا ڕووخێت و دەمێنێتەوە وەکو ئەوەی کە هەیە(فۆکۆیاما،٢٠٢٩،ل ٥٤-٥٥).

دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی لەسیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا، لەسەردەمی نوێدا لەبوارێکدا جەختی لەسەر هەڕەشە ومەترسیە ئەلیکترۆنیەکان و سایبەرییەکانە، بەجۆرێك سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بۆ دوورکەوتنەوەی هەرەشەکان لەبواری ئەمندا زۆر گرنگی پێ ئەدەن، چونکە ئازادی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت، مەترسیە ئەلیکترۆنیەکانی زیاتر کردووە، بۆیە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لەبەر هەبوونی مەترسیە نوێیەکان گرنگی بەم بوارە ئەدەن(Hoching: 2015,p22). بۆیە بەئەلیکترۆنیکردنی بواری دیبلۆماسی، بەتایبەت دیبلۆماسی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی، بەپێی تێپەڕبوونی کاریگەری وبواری کارکردنی فراوانتر دەبێت، و پرۆسەیەکی دوور ودرێژیشە کاریگەرییەکایشی بە ئاستێکی زۆر دوور دەڕوات بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایی پێشکەوتوو(Manor:2018,p5).

بۆیە لەکۆتایدا مەبەست لەدیبلۆمایبەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی، ئەم جۆرەی دیبلۆماسی، دیبلۆماسیەتی راستەقینە نیە، بەڵکو خۆی دەبینێتەوە لە گوێگرتن و بڵاوکردنەوە لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە، بەبەراود بە دیبلۆماسیەت، چونکە هەریەکە لەگوێگرتن و بڵاوکردنەوە بەشێوەیەکی زۆر وورد حکومەتەکان بەکاردەهێنن بەهۆی بەکارهێنانی ئەنتەرنێتەوە و پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وبەشداری کردن لەدەربڕینی دیدوبۆچوون ودروستکردنی ناسنامەی نیشتمانی لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی. ئەمەش خۆی دوو ئاستەنگی هەیە کە بریتین لە:( Bradshaw;2015)

یەکەم: لەبەرئەوەی بەکارهێنانی پێگە و تۆڕە کۆمەڵاتیەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هزر یەکەمین هەنگاوی کرنگی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیە.

دووەم: لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوە دەبێت زۆر وورد ودرشت بێت، چونکە ناردنی پەیامەکان بۆ جەماوەر رەنگە کاردانەوەی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە، ئەمە وەکو ئەستەنگی ئەم هەنگاوە سەیردەکرێت, هەروەها دەکرێت ئاستەنگێکی تر بریتیە لەوەی کە تائێستا بەشێك لەدانیشتوانی جیهان ئەنتەرنێتیان نیە یان بەکاری ناهێنن وپەیوەندییان لەگەڵ ئەنتەرنێتدا نیە، چونکە ئەنتەرنێت وئەلیکترۆنی هێشتا رەنگە غەریب بێت بۆ ئەوان.

بۆیە بەهەموو پێوەرەکان، بەرێژەیەکی زۆر دیبلۆماسی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دیبلۆماسی حقیقی تاکو بتوانێت ئامانج و مەبەستەکانی بەدەست بهێنێت، بەتایبەت لەلایەن خودی حکومەتەکان و ئەو کەسانەی کە لەناو باڵوێزخانەکان و قونسوڵخانەکان

ئامرازەکانی ئەم دیبلۆماسیە بەکاردەهێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و کاریگەری دروستکردن لەسەر جەماوەر(Summa:2020:p4). هەروەها چەند فاکتەرێکی گرنگ هەن کە پێویستە حکوماتەکان لەبەرچاوی بگرن پێش ئەوەی کە دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی تێکەڵ و پەیوەست بکەن بە سیاسەتی دەرەوە ئەوانیش بریتین لە:(البلوشي2020) یەکەم: لایانی پەیوەندی کردن و زانیاری، لەسەردەمی نوێدا زانیارییەکان زۆر بەخێرایی دەگوزارێنەوە بەنێوان دوو وڵات یان زیاتردا لەرێگەی نامەی ئەلیکترۆنیەوە. هەروەها بەهۆی زیادبوونی زۆر بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتیەوە زانیارییەکان زۆر بەخێرایی دەگات، بۆیە پێویستە دیبلۆماتکارەکان ئەمە لەبەرچاو بگرن.

دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتان کە دیبلۆماتکارەکانی خۆیان پڕ زانیار و معریفەی ژمارەیی و ستراتیجی بکەن، بۆ ئەوەی کاتێك کە دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی یان ژمارەیی بەکاردەهێنن بەرێگەی ئەمن و سەلەمەت بەکاربهێنن. کەواتە:

- زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لەبواری سیاسەتی دەرەوە لەناو باڵوێزخانەکان و قونسوڵخانەکاندا کار دەکەن بەشێوەیەك لەشێوەیەککان هەوڵی ئەوە ئەدەن کە تەواوی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەکاربهێنن بۆ زیاتر دروست کردنی کاریگەری لەسەر جەماوەری ئەو وڵاتەی کە کاری تیادا دەکەن.
- بەرژەوەندی وڵات لەپێش هەموو شتێکەوە، بۆیە کەسانی فاعل لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا، هەموو کارێك کە ئەنجامی بدەن بۆ ئەو مەبەستەیە لەناوشیاندا دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی.
- دیبلۆماسیەتی ژمارەیی پێویستی بەکەسانی شارازە و لێهاتوو هەیە کە بزانێت کەی؟ و چۆن؟ پەیامەکانی ئاراستە دەکات، و بە چ شێوەیەك ئاراستەیان دەکات؟ و چ تۆڕ و پێگەیەك هەڵدەبژێرێت؟.
- دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ئەوەی بوارێکی نوێیە، چونکە تەمەنی لەدوو دەییە زیاتر نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆتە خاوەن پێگەیەکی گرنگ لەبواری دیبلۆماسیەت بەشێوەیەکی گشتی.
- ئەم جۆرەی دیبلۆماسیەت، تێچووی کەمە بەبەراود بەدیبلۆماسی راستی وکرداری، چونکە زۆرینەی کارەکانی بەئەلیکترۆنیەت و ئەنتەرنێت دەکرێت.
- بۆیە دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی کاریگەری زۆر هەیە لەسەر سیاسەتی دەوەوەی وڵات، چونکە زۆرینەی سەرکردەکانی وڵاتانی جیهان پشت بەم جۆرە دیبلۆماسیەتە دەبەستن، کاتێك هەڵدەستن بە ئاراستە کردنی پەیام و نامەی تایبەت بۆ گەلێکی دیاریکراو یان نەتەوەییەکی دیاریکراو، و کاریگەری خۆشی بەجێدەهێڵێت لەسەر ئەو لایانەی کە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت.

**تەوەری یەکەم: کاریگەرییە ئیجابیەکان دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی**

دیبلۆماسیەتی ژمارەییی وەکو هەموو بوارەکانی تری دیبلۆماسیەت، چەند لایانێکی ئیجابی وسلبیشی هەیە کاریگەر دەکەنە سەر بواری کارکردنی دیبلۆماسیەت، ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە موداى کارکردنی فراوانە وپەیوەستە بەبواری ئەلیکترۆنیەوە، بۆیە رەنگە سنووری کارکردنی لایانە باش وخراپەکانی زۆرتر بێت وەك لەدیبلۆماسیەتی کلاسیکی. بۆیە لایانە ئیجابییەکانی دیبلۆماسیەتی ژمارەیی خۆیان دەبینینەوە لە:( عبدالصادق:٢٠١٧)

یەکەم: لایانی مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت: ئەمەش لەرێگەی تەکنەلۆژیایی ئامراز و جهازی بیرۆکراتیەوە وکەمی تێچوون و دابین کردنی ئاسانی کەناڵەکانی پەیوەندی کردن لەناو

سیستەمی تۆڕەکان و زۆربوون وزیادبوونی توانا و لێهاتووی و کارایی، چونکە ئەمە پەیوەستە بەبواری ئەلیکترۆنیەوە.

دووەم: ئاسانی یەکانگیربوون وپەیوەندی بەستن: ئەمەش بەهۆی تەکنەلۆژیاوە، لەرێگەی دروستکردنی پەیوەیییەکی ئەلیکترۆنی لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئەمەش ئاسانکاری کردووە بۆ ئاسان بوونی یەکانگیربوون و لەهەمان کاتیشدا توانای دەربڕین بۆ ناسنامەی خودی زیاتربووە.

سێیەم: شەفافیەت: ئەمەش بەهۆی ئەو ئاشکراییەوەی کەهەیە و پشتگیری کردنی تەکتل و هاوپەیمانی بەرامبەر کێشە جیهانییەکان، ئەمەش وایکردووە کەدروستکەری بڕیار ئەمە بزانێت کە چۆن بەچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ فشار و زانیارییەکان دەکات.

چوارەم: عەقڵانیەت لەدروستکردنی بڕیاردا: بەهۆی هەبوونی زانیاری زۆر و هەبوونی هاوسەنگی لەنێوان عەقڵانیەت و زیانیاری زۆردا.

پێنجەم: خێرایی: ئەمەش بەهۆی تێپەڕاندنی کات و شوێنەوە و نەبوونی کۆتوبەندی جوگرافی کاریگەری کردۆتە سەر خێراکردنی هەنگاوەکان و چواردەورەگرتنی خێرای ململانێیەکان و ئاسانی دەستێوەردانی مرۆیی.

شەشەم: لەبۆشاییبوندا: ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە لەرێگەی ئەلیکترۆنیەوە دەبێت بۆ واقعی فعلی، واتا دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی لەم رێگەییەوە بریتیەلە دیبلۆماسیەتی واقعی و راستی، کە لەرێگەی تەکنەلۆژیاوە ئەنجام ئەدرێت، ئەمەش ئەوەیە کە ناودەبرێت بە دیبلۆماسیەتی مێگە"الدبلوماسية الضخمة - Mega-diplomacy..."، کەوا گوزارشتە لە تۆڕێك لە کارلێك کردنی خێرا لەنێوان کارەکتەرە سەرەکییەکان و نا سەرەکییەکان. بۆیە بواری ئەلیکترۆنی لەکاری دیبلۆماسیدا لەرێگەی ئامرازە نوێیەکانی وەکو پێگەی ئەنتەرنێت و ئەلیکترۆنیەکان تایبەت بە باڵوێزخانەکان وکۆنسوڵخانەکان یان لەرێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو تویتر و فەیسبووك و یوتوب، ئەمانە دەرفەتی ئەوەی رەخساندووە کە بەئاسانی ئەم لایانەنەی دیبلۆماسیەت بگەنە بەجەماوەر و خەڵك، نەك تەنها پەیوەندییەکان کورت بکرێتەوە لەوەی کە لەگەڵ دامودەزگا فەرمیەکاندا بێت. هەموو ئەمانە بەشدارن لەخزمەتکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەدا. هەروەها دەکرێت کە ئامرازە جیاوازەکانی بواری ئەلیکترۆنیات چەند لایانێکی تری ئیجابیان هەبێت بۆ دیبلۆماسیەت و سیاسەتی دەرەوەدا کە خۆیان دەبیننەوە لەهەریەکە لە:( لیتیم:٢٠١٨،ص١٢٤)

١. هاندان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەفکار و تێڕوانین لەنێوان دروستکەرانی بڕیار و کۆمەڵگەی مەدەنی و جەماوەردا بەشێوەیەکی گشتی، واتا بەرەو پێشچوونی دیبلۆماسیەتی گشتی.
٢. باشترکردنی تواناکانی کەسانی دیبلۆماسی لەسەر کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان و دواتر لێکدانەوە و پێشبینی کردن و کارلێك کردنی خێرا بۆ رووداوەکان و بەدواداچونیان.
٣. پێدانی دەرفەت بەکەسانی دیبلۆماسی تا راهێنان بکەن لەدوورەوە لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە و کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و زمانەوانی و بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی.
٤. دروستکردنی باڵوێزخانەی گریمانەیی لەو ناوچەنەی کە ئامادەبوونی دیبلۆماسی تیادا نیە یان لاوازە بەهۆی پێگەی ئەلیکترۆنیەکانەوە کە ئەمەش وەزارەتی دەرەوە دروستی دەکات لەدەوڵەتێکی تردا کە خاوەنی خزمەتگوزارییەکی فراوان و پێشکەوتووە، ودواتر پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندی دەوڵەت.
٥. باسترکردنی لامەکەزیەت لەکاری دیبلۆماسیدا لەرێگەی کەمکردنەوەی زیاتری بیرۆکراتیەت و کەمی تێچوون و دابین کردنی کەناڵی پەیوەندی کردنی ئاسان.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٦. پەیبردن بەتەواوی ناوچەکانی کێبرکێ لەجیهاندا، بەشداریکردن لەپرۆژە ئەمنیە هاوبەشەکاندا لەرێگەی پێگەی ئەنتەرنێتەوە و گەشتن بەلایانە هاوبەشەکان.

بۆیە کاراکردنی دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی کارکردنە لەسەر کۆمەڵێك بنەما کەبریتین لە هەریەلە:(عبدالصادق:٢٠١٧)

١.لەرێگەی لێکدان و پێکەوە گونجاندنی تەکنەلۆژیا و چالاکییەکانی ئیدارە.

٢.پارەدارکردنی بەرنامەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، لەزۆربەری پۆستە جیاوازییەکانی دیبلۆماسیەت.

٣.دامەزراندنی مەرکەزی تەکنەلۆژیا و هاوکاری کرن لەگەڵ باڵوێزخانەکان لەدەرەوەدا.

٤.کارکردن لەسەر پشت بەستنی پارەدارکردنی تایبەت بۆ داهێنانە تەکنەلۆژیاییەکان و بەکارهێنانی بەرنامەی ئەلیکترۆنی ئیداری.

٥.فراوان کردنی هاوبەشی لەزانیاری و مەعریفەکاندا.

٦.کارکردن لەسەر دروست کردنی سیستەمێکی فراوانی ئیدارەی پەیوەندییەکان.

٧.باشترکردنی تواناکانی توێژینەوە وگەڕانەوەی کەرستە ژمارەییەکان و فراوانکردنی بەکارهێنانی ئەلیکترۆنیەت بۆ کۆنگرە و کۆنفرانسەکان گوازراوەکان لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە.

٨.گرتنەبەری ئامرازەکانی پەیوەندی نوێ وەکو ئەو گفتوگۆیانەی کە لەڕێگەی ئەلیکترۆنیەوە ئەنجام ئەدرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەرێگەی ڤیدۆ کۆنفرانسەوە لەسەر ئەنتەرنێت، کە ئەمەش بۆتە هۆی گۆڕینی ڕێگەی کارلێك کردن لەنێوان خەڵکدا لەتەواوی جیهان. بۆیە "بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیاوە، پێشکەوتنی بوارەکانیەوە، هەوڵی ناساندنی چالاکی کەلتووری و داب ونەریتەکانیان ئەدەن بەمەبەستی تێگەیشتن و هاریکاری زیاتر"( فە رج:٢٠٠٩،ل١٨٧-١٨٨).

### تەوەری دووەم: کاریگەرییە سلبیەکان دیبلۆماسیەتی ژمارەیی

هەروەها دەکرێت کە ئامرازە جیاوازەکانی بواری ئەلیکترۆنیات چەند لایانێکی تری سلبیان هەبێت بۆ دیبلۆماسیەت وسیاسەتی دەرەوەدا ویان دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی ڕووبەرووی چەند رەخنەیەك بۆتەوە کەبریتین لە هەریەکە لە:(لیتیم:٢٠١٨،ص١٢٥-١٢٦)

**یەکەم**: بەرەو ڕووکردنی ڕەخنە و کۆمێنتی سلبی و خراپ لەلایەن جەماوەرەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مکانەت و پێگەی دیبلۆماسی، بەتایبەت ئەگەر سەرۆکی وڵاتێك بێت ئەمەش سەردەکێشێت بۆ کمبوونەوەی شکو و هەیبەتی سەرۆك(Loss of Reputational Control).

لەنموونەی ئەمەش ئەو کێبرکێیەی نێوان دۆناڵد ترامپ سەرۆکی رابردووی ئەمریکە و سیناتۆری کۆماری بوب کورکر بوو، کە سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی پیران کە هێرشی کردتە سەر سەرۆکی ئەمریکا کە کەسایەتیەکی سیاسی بەناوبانگ و کەسی یەکەمی ئەمریکەیە کاتێك کە وتی:"کۆشکی سپی بۆتە شەرمەزاری بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەبەرئەوەی کەشوێنکە بۆ چاودرێی پیرەکان". و ترامپیش لەبەرامبەردا ووتی:"کروکر ئەو کەسەیە کە لێپرسراوە لە ڕێکەتنامەی ئەتۆمی ئێران و لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی و یاسای باج، ئەو ڕووبەرووی من وەستاوەتەوە و داوای داوای گۆڕانکاری کردووە لەو یاسایانەدا".

**دووەم:** هەندێجار بۆتە هۆی تێکەڵبوونی بیروبۆچۆنی کەسی و هەڵوێستی سیاسی و فەرمی(یەیج و حساباتی فەرمی سیاسییەکان و دیبلۆماسیەکان و لێپرسراوەکان هەندێ جار تووشی دوو هەڵوێستی دەبنەوە)، بۆ نموونە، تویتەکانی ترامپ لەساڵی ٢٠١٧ بۆتە هۆی نیگەران کردنی هاوپەیمانەکانی لەهەریەکە لەبەریتانیا و ئەڵمانیا و سوید...هتد.

بۆیە قورس بووە کە هەڵوێستی فەرمی ئیدارەکەی بزاندرێت. هەروەها بڵاوکردنەوەی چەند تویتێك لەلایەن ترامپەوە کە دژی موسڵمانان بووە لەتویتەر، ئەمەش دوای ئەوەی کە ترامپ ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە لەلایەن وتەبێژی سەرەکی تیریزا مای سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاوە، کەدەڵێت:"تیریزا مای، تەرکیز لەسەر من مەکە.... پێویستە لەسەرت کە تەرکیز بکەیتە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ئیسلامی ڕادیکاڵی تێکدەر کە لەناو بەریتانیا دان، ئێمە باشین".

**سێیەم:** نەبوون یان کەمبوونەوەی زمانی دیبلۆماسی ولەم جۆرە دیبلۆماسیاتەدا، ئەمەش بەهۆی خێرایی کارلێك کردن و بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ، بەجۆرێك بواری بەراوێژکاران نادرێت بۆ بیرکردنەوە و دارشتنەوەی دروستی ڕستە و ووشەکان.

**چوارەم:** هەڕەشە ئەلیکترۆنیەکان، لەرێگەی ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی حساباتی لێپرسراو دیبلۆماتکاران دەبێتەوە هەر لەقەرسەنە کردن و بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەکان و کۆمێنتی درۆ، ئەمانە دەبنە هۆی دروستبوونی قەیرانی دیبلۆماسی. بۆ نموونە:"قەیرانی دیبلۆماسی لەنێوان قەتەر و وڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا بەهۆی چوونەوە و بەکارهێنانی حسابی تایبەتی ئەمیری قەتەر بووە". هەروەها بڵاوکراوەکانی ویکلیکس. وەکو چۆن کریستۆفەر هێڵ، کەسایەتی دیبلۆماتکاری ئەمریکی دەڵێت:".... لەگەڵ هەموو ڕێزێك بۆ ئەرکەکانی دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی، بەڵام ڕێچکەی پەیوەندی و پەیوەستی کلاستیکی ،وتا دیبلۆماسیەتی کلاستیکی دڵ و ڕووحی پیشەی دیبلۆماسیەتە"(هیل:٢٠١٣). هەروەها ئەم جۆرەی دیبلۆماسیەت ڕووبەڕووی چەند فاکتەرێکی فێڵ کردنی ئەلیکترۆنی ببێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتی ژمارەییە یان ئەلیکترۆنیە لاوازە، ڕەنگە ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی ببێتەوە لەلایەن لایانی تری دەرەکییەوە، و ڕەنگەیشە لەکۆتاییدا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی متمانە لەنێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا(البلوشي:٢٠٢٠).

بۆیە جیهانی ئەلیکترۆنی بەهەموو باشی و خراپیەکانیەوە بۆتە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەی تەواوی تاکەکانی جیهان، بەتایبەت لەدونیای ئەمرۆدا چەندین کۆمپانیای گەورە لەبواری ئەلیکترۆنیدا کاردەکەن، ئەم بوارە ئەلیکترۆنیەش کاریگەری کردۆتە سەر وڵاتان و پەیوەنییە سیاسییە دەرەکییەکان و بازرگانیەکانیان، بەجۆرێك قەبارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی جیهانی لەساڵی ٢٠١٦ بریتی بووە لە ٢٣ تریلیۆن دۆلار بووە(مستور: ٢٠٢٠).

لەکۆتایدا ئەوەی پەیوەندار بێت بە دیبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی، خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە وڵاتان بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان لەسەر ئاستی ژینگەی نێودەوڵەتی، پانە بەرنە بەر بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیانە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە و ئیدارەدانی ستراتیجیەکەیانە، بۆیە دیبلۆماسیەتی ژمارەیی بوونی هەیە لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە و باڵۆێزخانەکان لەتەواوی جیهاندا، و لەرێگەی ئەم دوو ڕێگەییەوە وڵاتان کار دەکەن بۆ ئاراستە کردنی پەیامی سیاسەتی دەرەوە و تەواوی بوارە بازرگانیەکانی وڵات، لەگەڵ هەوڵی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی هێزی هێزی نەرمی وڵات وەکو مێژوو و ڕۆشنبیری و بەها و نەریتەکانی دەوڵەت لەدەرەوە، و جوان کردنی وێنەی وڵات، هەموو ئەمانە لەکۆتایدا خزمەت بەبەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی وڵات دەکەن(عدنان محمود:٢٠٢٠،ص٦).

**کەواتە:**

- دیبلۆماسیەتی ژمارەیی لەگەڵ ئەوەی کە بوارێکی نوێی دیبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، بەڵام پەرەسەندنی باشی بەخۆییەوە بینیوە، بەشێکی زۆری وڵاتان بەکاردەهێنن.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

- ئەم جۆرەی دیبلۆماسیەت لایانی باش و خراپی هەیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، لەدنیای ئێستادا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی وڵات، بوارێکی گرنگی بەیاخپێدانی وڵاتانە بەم جۆرە دیبلۆماسیەتە.

**پوختە باس:**

دیبلۆماسیەت گرنگیەکی تەواوی هەیە لەلێك نزیکردنەوەی دیدوبۆچوون وبەرژەوەندنیە جیاوازەکان و رێگر دەبێت لەوەی کە پێکدادان رووبدات لەنێوان خاوەنی بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا، ئیدی بەجیاوازی ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندنی جیاوازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵاتی و کلتووری و جیاوازییە مەزهەبیەو دینی و ڕەگەزیەکانەوە بێت، هەرچەندە چەندین ناکۆکی و شەڕو ململانێی خوێناوی لەسەر ئەم جیاوازیانە لەجیهاندا روویان داوە، ناشتواندرێت بن بڕ بکرێت، لەبەرئەوەی هەمیشە بەرژەوەندییە جیاوازەکان لەنێوان وڵاتان خۆیاندا بەئاراستەی هێڵی رووبەڕوودا دەڕوات، لەکۆتا خاڵیدا دەگاتە ئاستی پێکدادان، هەندێك جار دیبلۆماسیەت دەتوانێت ئاستێك بۆ ململانێیەکان دابنێت.

دیبلۆماسیەتی ژمارەی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بوار و مەودای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، چونکە لەئێستا لەمەیدانی فەزای ئەلیکترۆنیدا، دەوڵەتان خۆیان کارەکتەری سەرەکین، بەتایبەت وڵاتە بەهێز و پێشکەوتووەکان لەبواری تەکنەلۆژیادا. و ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاییەش وڵاتان دەیکەنە خزمەت بەرژەوەندی و ئامانجەکانی دەرەوەی خۆیان لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا. بۆیە ئەنتەرنێت و تۆڕ و پێگە کۆمەڵاتییەکان و تەواى بوارەکانی پەیوەست بەو بوارە دەخەنە خزمەت خۆیان و سیاسەتی دەرەوەی خۆیان، لەبەرئەوە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، لەبواری دیبلۆماسیشدا توانیویانە ببنە خاوەن پێگە، چونکە لێرەوە پەیامەکان زووتر دەگەن بەجەماوەر و کاریگەری خۆشیان لەسەر جێدەهێڵن.

**ئەنجامگیری**

١. دیبلۆماسیەتی ژمارەیەی لەئێستا بۆتە ئامرازێك بەدەست وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان تا بتوانن کاری پێ بکەن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی وڵات، واتا ئەم جۆرە دیبلۆماسیەتە کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، لەئێستا بەشێکی زۆری وڵاتان پشت بەمجۆرەی دیبلۆماسیەت دەبەستن. چونکە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لەئێستا زۆر بەرفراوان بووە و زۆر بواری تری لەخۆ گرتووە، ئەمەش وایکردووە کە بەکارهێنانی ئەم جۆرەی دیبلۆماسیەت ببێتە ئەمری واقع لای کەسانی یەکەمی دیبلۆماسی یان ئەو کەسانەی کە لەباڵوێزخانە و قونسۆلگەرییەکاندا کاردەکەن.

٢. دیبلۆماسیەت هەمیشە بۆ ئاشتی نەبووە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندنی وڵاتان ودوورخستنەوەی ئەگەرەکانی جەنگیش بەکارهاتووە.

٣. دیبلۆماسیەت لەسەردەمی نوێدا بەهەموو رەگەزەکانیەوە بۆتە ڕێگەیەك کەهیچ وڵاتێك گرنگی پێدان وجێبەجێکردنی پشت گوێ نەخستووە.

٤. سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆییەوە، ڕێگەچارەی ئاشتی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لەنێوان تاکەکاندا بوونی هەبووە. و بەتێپەربوونی کاتیش بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام زیادبوونی هێز و زۆربوونی بەرژەوەندنی لەنێوان وڵاتاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە دیبلۆماسیەت ڕێرەوی راستەقینەی خۆی نەگرێت. وەکو چۆن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا "بالمیرستون" ووتوێتی ( في السياسة ليس هناك عدو دائم أو صديق دائم هناك مصالح دائمة).

٥. هەروەها لەدیبلۆماسیەتی ژمارەییدا، سێ شت زۆر گرنگن کە بریتین لەهەریەکە لە بەرژەوەندی و چۆنیەتی ئەداکردن و ناردنی پەیامن، چونکە ئەمە راستەوخۆ پەیوەستە بەجەماوەرەوە.
٦. تەواوی بوارەکانی ژیان لە گۆڕاندان، وەکو فەیلەسوفی یونانی هیرقلیتس دەڵێت:"ئەو شتەی کە ناگۆڕێت چەسپاوە بریتیەلە گۆڕانی بەردەوام"،بۆیە لەم چوارچێوەیەشدا دیبلۆماسیەت هەنگاوی ناوە بەرەو گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوون، دیبلۆماسیەتی ژمارەیی نموونە ئەو گۆڕانەیە.
٧. "ئەی خوایە ئەمە کۆتایی دیبلۆماسیەتە"، ئەمە ووتەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا "بالمیرستون"، کاتێك یەکەمین نامە تێلگرافی بۆ هات لەپەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەو دۆخە بۆ ئێستای بواری دیبلۆماسیەتی ژمارەیی دەبێت چۆن بێت لەکاتێکدا بەشێکی زۆری وڵاتان بۆ جێبەجێکردنی پلان و ستراتیجیەتی دەرەوەیان پشت بە جۆرە دیبلۆماسیەتە دەبەستن.
٨. دیبلۆماسیەت لەسەردەمی ئێستادا بریتیەلە فرە رووکاری وفرە ئاراستە وچڕوپڕە، وکارەکتەرەکانی فرەلایەنن و بابەتەکانی فرە جۆرن وئامانجەکانیشی جۆراو جۆرن وئامرازەکانی بەکارهێنانیش فرە جۆر وتێکەڵن.
٩. دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی لەسەردەمی نوێ وسەدەی نوێدا لەدایك بووە، هەروەها دیبلۆماسیەتی نەوەی داهاتووە لەکارلێك کردن وبەکارهێنانی تۆڕەکاندا. دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی، دیبلۆماسیەتی شۆڕشی زانیارییەکان وکارلێك کردنی شارستانیەتیەکانە.
١٠. لە
ە دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنیدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەوڵەتێك، چوار پێوەر هەیە، کەبریتین لەقەبارەی ئامادەبوون (حجم الحضور وتواجد)،وتایبەتمەندی (تخصص)،وئاستی کارلێك کردن(مستوى التفاعل)، وبەردەوام بوون وئاگاداربوون لەدواین پێشکەوتنەکانی ئەلیکترونی مواکبە(keeping up)،دیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی، دیبلۆماسیەتی هێزی نەرمە. چونکە پەیوەستە بەکارلێك کردن لەتۆرەکانی ئەلیکترۆنیەوە، یەکەم قسە دەکات، دووەم وەری دەگرێت، و دووەم تەواوی دەکات. واتا تفاعل کردن.
١١. د
یبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنی، پێویستی بە مهارات و توانا و قدرە هەیە لەجۆری، مهاراتی پەیوەندی کردن و گوێگرتن، ونووسین، وبیرکردنەوە، واقناع.....هتد.
١٢. لە
ەدیبلۆماسیەتی ئەلیکترۆنیدا، پەیامەکان هەندێك جار فرە رەهەندن، بەڵام یەك ئامانجیان هەیە، سیستەمی ئەلیکترۆنی لەپەیوەندییە دیبلۆماسیەکاندا بۆتە هۆکاری سەرەکی زیاد بوونی هێزی نەرم، ئەمەش بەواتای ئەوە نیە کە چیتر دیبلۆماسی پێویستی بەهێز نەبێت ئەمەش یارمەتیدەری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت دەبێت لەتێگەیشتنی خواست وییووستەکانی جەماوەر و هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتەی کەپێویستە دەوڵەتان کاری پێ بکەن.
١٣. د
یبلۆماسیەتی ژمارەیی یان ئەلیکترۆنی، چونکە پەیوەستە بەئەنتەرنێتەوە، یاسایەکی نێودەوڵەتی نیە کەچوارچێوەی بۆ دابنێت، ونەریت وعروفێکیش نیە کەبتونێت پەیوەندییەکی هاوسەنگی ژمارەیی دروست بکات لەنێوان وڵاتاندا. وبەدەر لەدەوڵەت کارەکتەری نوێش هاتونەتە ناو ئەم بوارەوە واتا دەوڵەت لەسیاسەتی دەرەوەدا تەنها کارەکتەری سەرەکی نیە لەئێستادا.

**سەرچاوە بەکارهاتووەکان**

**يەكەم: فەرهەنگ**

١. محەمەدی،زاهير - حاجی زادە،یاسن (٢٠٠٦)، فەرهەنگی سیاسی ئارەش،هەولێر،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

**دووەم: كتێبەكان**

**یەكەم: كتێبە كوردییەكان**

٢. فەرەج،د.ئەنوەر محمد(٢٠٠٩)، دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكان، سلێمانی،دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی.

٣. گەلاڵی، بەهرۆز(٢٠٠٤)، دبلۆمات ودبلۆماسی،چ١،سلێمانی، چاپخانەی تیشک.

٤. فۆكۆیاما، فرانسیس(٢٠٠٩) ، بونیادنانی دەوڵەت،و: ئیسماعیل کوردە، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

**دووەم: كتێبە عەرەبییەكان**

٥. فرج، د.أنور محمد(٢٠٠٧)، نظرية الوقعية في العلاقات الدولية دراسة نقدية مقارنة في ضوء النظريات المعاصرة،السليمانية،مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية.

٦. كامل الخزرجي، د.ثامر(٢٠٠٥)، العلاقات السياسية الدولية واستراتيجية إدارة الأزمات،عمان،دار مجدلاوي.

٧. ذيل ،ج.ب(٢٠٠٩) ، التاريخ الدبلوماسی، ت:د.نوالدين حاطم، ط١،عمان، دارالفكر.

٨. إلياس ،د.جوانيتا و ستش ،د.بيتر(٢٠١٦) ، أساسيات العلاقات الدولية،ت:د.محيي الدين حميدی،ديمشق،دار الفرقد .

٩. حسين ،د. خليل(٢٠٠٧)، قضايا دولية معاصرة دراسة موضوعات في النظام العالمي الجديد،بيروت،دار المنهل اللبناني.

١٠. على صالح البرزنجي،دانا(٢٠٠٩)،السياسة الخارجية الأمريكية حيال المملكة العربية السعودية بعد احداث ١١ ايلول٢٠٠١، سليماني،مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

١١. مصباح ،(١٩٩٩)د.زايد عبيدالله، الدبلوماسية،ط١، بنغازی،دار الجيل.

١٢. حقي توفيق ،د.سعد(٢٠٠٩)، مبادی العلاقات الدولية، ط٤،القاهرة، شركة العاتك.

١٣. العطية ،د.عصام(٢٠١٢)،القانون الدولی العام،ط٦،بغداد،مكتبة السنهوري.

١٤. محمد فهمي ،د. عبدالقادر(٢٠١٠)،نظرية السياسة الخارجية، السليمانية،مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية.

١٥. السيد حسين ،د.عدنان(١٩٩٨)، نظرية العلاقات الدولية، بيروت،منشورات الجامعة اللبنانية.

١٦. حسين الشامی،علی(٢٠٠٧)،الدبلوماسية-نشأتها-وتطورها-وقواعدها نظام الحسانات والامتيازات الدبلوماسية، ط٣، ،عمان،دارالثقافی.

١٧. حسين صباريني،د.غازی(٢٠٠٩)، دبلوماسية معاصرة (دراسة قانونية)، ط٢،عمان، دارالثقافة.

١٨. أ.منغست ،كارين و م.اريغوين ،إيفان(٢٠١٦)، مبادى العلاقات الدولية،ت:حسام الدين خضور،ديمشق،دار الفرقد.

١٩. عدنان محمود ،د.محمد(٢٠٢٠)، الدبلوماسية في العصر الرقمي والتطور النوعي في الدبلوماسية التقليدية، مركز البيان للدراسات و التخطيط.

٢٠. الرمضاني ،د. مازن اسماعيل(١٩٩١) ، السياسة الخارجية (دراسة نظرية)، (بغداد، جامعة بغداد.

٢١. سيد سليم ،د. محمد(١٩٩٨)، تحليل السياسة الخارجية، ط٢، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.

٢٢. بول ،هيدلي(٢٠٠٦)، المجتمع الفوضوي دراسة النظام في السياسة العالمية، ت:مركز الخليج للأبحاث،ط٣،الإمارات، مركز الخليج للأبحاث.

٢٣. عبدالعال ،د.وائل(٢٠١٨) ، الدبلوماسية الرقمية ومكانتها في السياسة الخارجية الفلسطينية،جامعة بيرزين، مركز تطوير الإعلام.

- **سێیەم:کتێب بەزمانی ئینگلیزی**

24. Sandre, Andreas ,Digital Diplomacy Conversations on Innovation in Foreign Policy, London, Published by Rowman & Littlefield.
25. Hoching, Brian, Jan Melissen(2015), Diplomacy in the Digital Age,The Netherlands, Netherlands Institute of International Relations Clingendael.

26. Summa ,Giancarlo(2020), We the People in the Twitter Age: Digital Diplomacy and the Social Legitimacy of the United Nations, London School of Economics and Political Science, , London, University of London.

- س

**ێیەم:گۆڤار ەکان**

**یەکەم: بەزمانی کوردی**

٢٧. فەریق زەینەڵ ،د.ئاراس(٢٠٠٨)، دیبلۆماسیەت، ڕێبازی نوێ، ژمارە ٤٦، سلێمانی،چاپخانەی ڕووناکبیری.

**دووەم: گۆڤار بەزمانی عەرەبی**

- ليتيم،أ.د.فتحية(٢٠١٨)، الدبلوماسية الالكترونية بين الفاعلية و محدوية التأثير، مجلة شؤون الأوسط،٢٠١٨، الجامعة اللبنانية، كلية الحقوق والعلوم السياسية والإدارية.

**چوارەم: وانەی وتراوەکانی زانکۆ**

طاهر،الیاس(٢٠١٢)، وانەکانی دیبلۆماسیەت، وتراوەتەوە بەخوێندکارانی قۆناغی چوارەم, سکوڵی زانستە ڕامیارییەکان، فاکەڵتی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١-٢٠١٢.

**پێجەم: ئەنتەرنێت بەزمانی عەرەبی**



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

- الحماصنة ،الاء() ، الدبلوماسية الرقمية وتأثيرها على السياسة الخارجية"العلاقات الآمريكية الايرانية نموذجآ"، الأكاديمية السورية الدولية للتدريب و التطوير، ص ٦-٧، من موقع الاليكتروني:

  http://sia-sy.net/wp-content/uploads/2020/07/012.pdf
- يحيى ،أحمد(٢٠٢٢)، مواقع التواصل الاجتماعي من الدردشة إلى منصات للعمل و الزواج و إشعال الثورات، مقال منشور على ربط:

  https://www.bbc.com/arabic/middleeast-49812546
- البلوشي ،رقية(٢٠٢٠)، البلوماسية الرقمية تحديات و فرص، صحيفة البيان الاليكترونية، التاريخ ١٦ يونيو ٢٠٢٠، من وقع الاليكتروني:

  https://www.albayan.ae/opinions/articles/2020-06-16-1.3885361
- مستور ،شروق(٢٠٢٠) ، الدبلوماسية الرقمية... ساحة جديدة تتنافس فيها الأمم، بتاريخ ١٢ مارس ٢٠٢٠، من موقع الاليكتروني:

  https://www.sasapost.com/opinion/digital-diplomacy
- عبدالصادق،د.عادل(٢٠٢٢)، الدبلوماسية الإليكترونية والمدخل الجديد لإدارة السياسة الخارجية، المركز العربي لأبحاث الفضاء الأليكتروني، من موقع الاليكتروني:

  http://accronline.com/article_detail.aspx?id=28976#_ftn
- هيل،كريستوفر(٢٠١٣)، حدود دبلوماسية تويتر، ٢٠ اب،٢٠١٣، من موقع الاليكتروني:

  https://www.project-syndicate.org/commentary/why-diplomats-should-not-depend-on-social-media-by-christopher-r--hill/arabic?barrier=accesspaylog
- بدير ،د.محمد (٢٠٢٣)، العلاقات الدبلوماسية العربية الاسلامية، من موقع الاليكتروني:

  www.parabic ic.com/sitc/2p/161
- العامودي،معاذ(٢٠٢٢) ، البلوماسية الرقمية الرسمية وتأثيرها في السياسية الخارجية دراسة مقارن بين فلسطين والاحتلال الإسرائيلي، بحث منشور على انترنت من موقع الاليكتروني:

  https://rouyaturkiyyah.com/file/%D8%A7%D9
- خلف ،مي(٢٠٢١) ، الدبلوماسية الرقمية: لماذا تبعتنا الحكومات إلى شبكات التواصل؟، نون بوست، من موقع الاليكتروني على ربط:

  https://www.noonpost.com/content/30017
- النجار ،محمد(٢٠٢١) ، مليارا إنسان على جمهورية فيسبووك و الدانمارك تعين أول سفير، موقع الجزيرة نت:

  https://www.aljazeera.net/news/scienceandtechnology/2017/9/25
- وادي السيليكون.. قطب التكنولوجيا الأمريكية، من موقع الاليكتروني:

  https://www.aljazeera.net/citiesandregions/area

**شەشەم: تقرير باللغة العربية**

- تقرير الدبلوماسية الرقمية وزارة الخارجية البريطانية على الرابط: ٢h//:R7xrzy/ly.bit.

**حەوتەم: ئەنتەرنێت بەزمانی ئینگلیزی**

- Bjola ,Corneliu: Digital diplomacy 2.0 pushes the boundary, Global Times, Avaiable from https://www.globaltimes.cn/content/1073667.shtml
- Bjola , Corneliu:Adapting Diplomacy the Digital Age, Working Paper Project "Diplomacy in the 21st Century", Stiftung Wissenschaft und Politik (SWP /(German Institute for International and Security Affairs, Avaiable from: https://www.swpberlin.org/fileadmin/contents/products/arbeitspapiere/WP_Diplomacy21_No9_Corneliu_Bjola_01.pdf
- Chaffey , Dave,what happens online 60 seconde?,in internet for this site: https://www.smartinsights.com/internet-marketing-statistics/happens-online-60-seconds/
- S. Adesina ,Olubukola: Foreign Policy in an era of digital diplomacy, in internet this site: https://www.tandfonline.com/doi/pdf/10.1080/23311886.2017.1297175?needAccess=true
- Digital Diplomacy, E-diplomacy, Cyber Diplomacy,Digital as a tool for diplomacy,in internet fo this site: https://www.diplomacy.edu/e-diplomacy
- Manor , Ilan,Digital Diplomacy Working Paper: The Digializtion of Diplomacy – Toward Clarification of a Fractured Terminology,University of Oxford press ,p 5. In internet thid site: https://www.researchgate.net/publication/319015855
- Bradshaw , Samantha, Digital diplomacy not diplomacy, Centre for International Governanec Innovation, April 7,2015, in internet this site: https://www.cigionline.org/articles

Sources used
First, the dictionary

.١Mohammadi, Zahir-Hajizadeh, Yassin (2006), Political Dictionary of Arash, Erbil, Rojhelat Printing House.
Second, the books
First: Kurdish books
.٢Faraj, Dr. Anwar Mohammed (2009), A Gateway to International Relations, Sulaimani, Hamdi Publishing House.
.٣Galali, Bahroz (2004), Diplomat and Diplomacy, Vol. 1, Sulaimani, Tişk Printing House.
.٤Fukuyama, Francis (2009), Building the State, edited by Ismail Kurda, Sulaimani, Karo Printing House.
Second: Arabic books
5. Faraj, Dr. Anwar Muhammad (2007), Realism Theory in International Relations: A Critical Comparative Study in Light of Contemporary Theories, Sulaymaniyah, Kurdistan Center for Strategic Studies.

6. Kamil al-Khazraji, Dr. Thamer (2005), International Political Relations and Crisis Management Strategy, Amman, Dar Majdalawi.

7. Dhayl, J.B. (2009), Diplomatic History, trans. Dr. Nawaldin Hatem, 1st ed., Amman, Dar al-Fikr.

8. Elias, Dr. Juanita and Stich, Dr. Peter (2016), Fundamentals of International Relations, trans. Dr. Muhyiddin Hamidi, Damascus, Dar al-Farqad.

9. Hussein, Dr. Khalil (2007), Contemporary International Issues: A Study of Topics in the New World Order, Beirut, Dar al-Manhal al-Lubnani. 10. Ali Saleh Al-Barzanji, Dana (2009), American Foreign Policy Towards the Kingdom of Saudi Arabia After the Events of September 11, 2001, Sulaimani, Kurdistan Center for Strategic Studies.

11. Misbah, Dr. Zayed Obaidallah (1999), Diplomacy, 1st ed., Benghazi, Dar Al-Jeel.

12. Haqqi Tawfiq, Dr. Saad (2009), Principles of International Relations, 4th ed., Cairo, Al-Atik Company.

13. Al-Attiyah, Dr. Essam (2012), Public International Law, 6th ed., Baghdad, Al-Sanhuri Library.

14. Muhammad Fahmi, Dr. Abdul Qadir (2010), Theory of Foreign Policy, Sulaimani, Kurdistan Center for Strategic Studies.

15. Al-Sayed Hussein, Dr. Adnan (1998), Theory of International Relations, Beirut, Lebanese University Publications. 16. Hussein Al-Shami, Ali (2007), Diplomacy: Its Origins, Development, and Rules; The System of Diplomatic Favors and Privileges, 3rd ed., Amman, Dar Al-Thaqafiya.

17. Hussein Sabarini, Dr. Ghazi (2009), Contemporary Diplomacy (A Legal Study), 2nd ed., Amman, Dar Al-Thaqafa.

18. A. Mengest, Karen, and M. Arigwin, Ivan (2016), Principles of International Relations, trans. Hussam Al-Din Khaddour, Damascus, Dar Al-Farqad.

19. Adnan Mahmoud, Dr. Muhammad (2020), Diplomacy in the Digital Age and the Qualitative Development in Traditional Diplomacy, Al-Bayan Center for Studies and Planning.

20. Al-Ramdani, Dr. Mazen Ismail (1991), Foreign Policy (A Theoretical Study), (Baghdad, University of Baghdad).

21. Sayed Salim, Dr. Muhammad (1998), Analysis of Foreign Policy, 2nd ed., Cairo, Egyptian Renaissance Library.

22. Paul, Headley (2006), Anarchist Society: A Study of Order in World Politics, translated by the Gulf Research Center, 3rd ed., UAE, Gulf Research Center.

23. Abdel-Aal, Dr. Wael (2018), Digital Diplomacy and its Place in Palestinian Foreign Policy, Birzeit University, Media Development Center.

• See: Book in English

24. Sandre, Andreas ,Digital Diplomacy Conversations on Innovation in Foreign Policy, London, Published by Rowman & Littlefield.

25. Hoching, Brian, Jan Melissen(2015), Diplomacy in the Digital Age,The Netherlands, Netherlands Institute of International Relations Clingendael.

26. Summa ,Giancarlo(2020), We the People in the Twitter Age: Digital Diplomacy and the Social Legitimacy of the United Nations, London School of Economics and Political Science, , London, University of London.
• Third: Magazines
First: In Kurdish
27. Fariq Zainal, Dr. Aras (2008), Diplomacy, Rebazi Nuw, No. 46, Sulaimani, Ronakbiri Printing House.
Second: Magazines in Arabic
• Litim, A.D. Fathia (2018), Electronic Diplomacy Between Active and Limited Effect, Middle Shoon Magazine, 2018, Lebanese University, Faculty of Laws and Sciences Political and Administrative.
Fourth: University lectures
Taher, Elias (2012), and that he was a diplomatic writer, and his narration was that of Khuvandkarani Qishnaghi, his neighbourhood, and his fornication in his country, fruit. Yassa and Hamyari, Zanki Soleimani, 2011-2012.
Fifth: Internet in Arabic
• Al-Hamasna, Alaa ( ), Digital Diplomacy and its Impact on Foreign Policy: "American-Iranian Relations as a Model," Syrian International Academy for Training and Development, pp. 6-7, from the website:
http://sia-sy.net/wp-content/uploads/2020/07/012.pdf
• Yahya, Ahmed (2022), Social Media: From Chat to Platforms for Work, Marriage, and Igniting Revolutions, an article published at:
https://www.bbc.com/arabic/middleeast-49812546
• Al-Balushi, Ruqaya (2020), Digital Diplomacy: Challenges and Opportunities, Al-Bayan Electronic Newspaper, June 16, 2020, from the website Electronic:

https://www.albayan.ae/opinions/articles/2020-06-16-1.3885361
• Mastour, Shrouq (2020), Digital Diplomacy... A New Arena for Nations to Compete In, March 12, 2020, from the website:

https://www.sasapost.com/opinion/digital-diplomacy
• Abdel-Sadek, Dr. Adel (2022), Electronic Diplomacy and the New Approach to Foreign Policy Management, Arab Center for Space Research, from the website:

http://accronline.com/article_detail.aspx?id=28976#_ftn
• Hill, Christopher (2013), The Limits of Twitter Diplomacy, August 20, 2013, from the website:

https://www.project-syndicate.org/commentary/why-diplomats-should-not-depend-on-social-media-by-christopher-r--hill/arabic?barrier=accesspaylog
• Badir, Dr. Muhammad (2023), Arab-Islamic Diplomatic Relations, from the website:
www.parabic.ic.com/sitc/2p/161
• Al-Amoudi, Muath (2022), Official Digital Diplomacy and its Impact on Foreign Policy: A Comparative Study between Palestine and the Israeli Occupation, research published online from the website:
https://rouyaturkiyyah.com/file/%D8%A7%D9
• Khalaf, Mai (2021), Digital Diplomacy: Why Did Governments Follow Us to Social Networks?, Noon Post, from the website at the following link:
https://www.noonpost.com/content/30017
• Al-Najjar Muhammad (2021), Two Billion People on the Facebook Republic and Denmark Appoints First Ambassador, Al Jazeera Net:
https://www.aljazeera.net/news/scienceandtechnology/2017/9/25
• Silicon Valley: The American Technology Hub, from the website:
https://www.aljazeera.net/citiesandregions/area
Sham: Report in Arabic
• Digital Diplomacy Report, British Foreign Office, at the link: 2R7xrzy/ly.bit://h.